دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٥٦، پێنجشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

**پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربانەوە**

بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربانەوە بە گەرمی پیرۆزبایی لە هەموو موسڵمانانی جیهان بە گشتی و هاونیشتمانانمان و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی دەکەم. هیوادارم ئەم جێژنە، ڕۆژانی خۆش و هیوابەخشی بەدوادا بێت و نەهامەتییەکان کۆتاییان پێ بێت، کردەوەی خێرخوازانە و یەکتر خۆشەویستی باڵ بەسەر کۆمەڵگاکاندا بکێشێت.

جارێکی دیکە جێژنتان پیرۆز و ژیانتان پڕ لە شادی بێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**گەلاوێژی ١٣٩٨ی هەتاوی**




٢٥ی گەلاوێژ مەکتەبی شۆڕش

٤



حەسەن شەرەفی: نە دڵمان بە ئیسلاحتەڵەبی و ...

٦



٧٤ ساڵ خەبات لە پێناو مافی نەتەوایەتیی، ئازادی، دادپەروەریی

٨



بێزاری و دوورکەوتنەوەی خەڵک لە دەسەڵات، سەقامگیری سیاسی

١٠

# کەرەستەی ئێمە بەتوانابوونی حیزبەکەمانە




ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٤ گەلاوێژی ١٣٩٨ ی هەتاوی، لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یادی دامەزراندنی ئەو حیزبە بەبەشداری ئەندامانی ڕێبەری حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی بەرز ڕاگیرا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێکرد؛ پاشان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان خولەکێک بێدەنگی ڕاگەیەندرا. لە بڕگەی دواتردا بەڕێز «حەسەن شەرەفی» جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامی حیزبی دێموکراتی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد. ناوبراو لە پەیامەکەیدا وێڕای پیرۆزبایی ئەم یادە مەزنە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی ئازادیخواز دەناسن ڕایگەیاند: لە ماوی ئەو ٧٤ ساڵەدا، حیزبی دێموکرات ڕێگایەکی دوورو درێژی لە خەبات بڕیوە. زۆر سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە کە لە لووتکەی ئەو سەرکەوتنانەدا دامەزرانی کۆماری کوردستانە؛ زۆر هەوراز و نشێوی بڕیوە، زۆر ئازاری دیوە، تێکۆشەرانی ڕەنجی زیندان و دەردی دایک و باوکانی ڕۆڵە ئێعدام کراوان و ئاوارە بوون و هەرچی تەسەور دەکرێ لە ڕەنج و لە ئێش و ئازار، ڕۆڵەکانی تێکۆشەری ئەو حیزبە بەخۆیانەوە دیوە و تاقیان کردۆتەوە، بەڵام جێی شانازی ئەویە کە هیچ یەک لەوانە نەیانتوانیوە ڕووی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە داخوازە نەتەوایەتییەکان و دێموکراتیکەکانیان وەرگێڕێ . سەبارەت بە قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە ڕاسان ناسراوە، ڕایگەیاند: ئێستاش ئەبزاری ئێمە، کەرەستەی ئێمە لەو مەقتەعەدا شوێندانەربوونی حیزبەکەمانە، بەتوانابوونی حیزبەکەمانە، ئەوەیکە نزیک بە سێ ساڵ لەمەو پێش ڕاسان بۆ ئەو مەبەستی شوێندانەربوون و بەتوانا بوونە ڕاگەیەندرا؛ مەبەستمان لە ڕاسان هەمەگیرترکردن و گشتگیرترکردنی خەباتەکەمانە بۆ ئەوەیکە زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هی خۆیان بزانن و تێیدا بەشداربن و ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە کە دەبێ لە هەموو ڕەهەندەکاندا هەنگاو بەرەوپێش بنێین. وتیشی: لە ئێستەدا چەندە گوشارەکان لەسەر ڕێژیمی تاران زیاتر و تاقەتپڕووکێنتترن هەر ئەوەندەش هیوا و ئاسۆ بە داوڕۆژ بۆ ئێمەی کورد و حیزبی دێموکرات ڕووناکترە. ئێستا کە شەرایەتەکە حەساسترە، هەستیارترە و لەسەر وەزعی کورد بە گشتی و ئێمە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ڕێژیمەکە لە هەموو بارێکەوە لە ژێرفشاردایە، دەبێ هەر ئەو دیقەت و وردبینییە کە تایبەتمەندی ئەو حیزبەی بووە دیسان بەکاربێ بۆئەویکە هەر دەرفەتێک وەک خۆی ببینین، هەر مەترسییەک وەک خۆی ببینین. پاشان پەیامی کۆمیتەی هاوئاهەنگی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن «سەلام ئیسماعیلپوور» ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە؛ ناوبراو لە پەیامەکەدا وتی: «حیزبی دێموکرات خاوەنی زۆر تایبەتمەندیی سەرنجڕاکێشە کە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو حیزبەی بە پانتایی هەموو کوردستان بەرین کردۆتەوە و لە قووڵایی دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا جێی خۆی کردۆتەوە» هەروەها لە پەیامەکەیاندا ئاماژەیان بەوەدا کە «ڕێبازی دێموکرات، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە مرۆڤی کورد لەسەر بنەمای بەهاکانی وەک دێموکراسی، ڕزگاریی نەتەوەیی، چارەسەری دادپەروەرانەی پرسی چینایەتی، سێکۆلاریزم و یەکسانیی ڕەگەزی پەروەردە بکرێت و لە ڕێگەی ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕانەوە تێکۆشانی خۆی لەو بوارانەدا ئامانجدار و کاناڵیزە بکات». نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمە بە چەندین سروود و مەقام و پەخشانی تایبەت ڕازێندرابوویەوە.

هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە شار و گوندەکانی کوردستاندا و بە بەرینایەتی زنجیرەچیاکانی زاگرۆس بە ئەنجامدانی چالاکی تەبلیغی سەلماندیان کە ئەستێرەی گەلاوێژ قەت ئاوا نابێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە گەشانەوەدایە و لە پاش ٧٤ ساڵ هێشتا ئەو مەکتەبەی پێشەوای کوردان دایمەزراندووە هەر بە پێویە و لاوانی ئەم نیشتمانە بۆ گیانفیدایی، دەرووست بوون و قارەمانەتی بار دێنێ. پێشمەرگەکانی شار و خۆڕاگرانی مەتەرێزی شەرەف لە شارەکانی سنە، شنۆ، سەقز، کرماشان، پیرانشار، کامێران، دێولان و ئیلام و دەڕەشار، مەریوان و ئابدانان، ئەندیمێشک و بانە ، بۆکان و ورمێ و مەهاباد، میاندواو و سایەنقەڵا و بوشێهر و تاران، و لە گوند و شارۆچکەکانی ئەم نیشتمانە ئاگری بەتینی گەلاوێژیان هەڵکرد و بە تراکت و پووستێری تایبەت بەم بۆنە کوردستانیان ڕازاندەوە و شەوی خۆشیان لەچاوی داگیرکەران زڕاند.

## پەیڤ

### کۆماری ئیسلامی لە خزمەتی ئیسرائیلدا

**کەریم پەرویزی**

باسی تێخزینی دەزگا سیخوڕییەکان لە نێو دەزگای وڵاتی دیکە، باسێکی کۆن و دوور و درێژە و لە سەردەمی شەڕی کۆنی ئیمپراتۆرییەکانیشدا، ئەو جۆرە دزەکردنانە هەبووە کە هێزی وڵاتێک لە ڕێگەی سیخوڕەکانییەوە خزاونەتە نێو هێزی دیکە و دەرگای پشتەوەی بۆ هێزەکانیان کردوەتەوە و ئیمپراتۆرییەک شکستی هێناوە. لەم سەردەمی نوێیەدا ڕێکار و شێوازی دزەکردنی سیخوڕی زۆرتر بووە و لە سەردەمێکدا کە بڕوا و باوەڕەکان سست دەبن و بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکان جێگایان دەگرنەوە، ئیمکانی ئەو جۆرە دزەکردنانە زۆرتر و زۆرتر دەبن.

لە سیستمی کۆلۆنیالیستیی کۆماری ئیسلامیشدا، سەرەتا هاتنە سەر کاری ئەم ڕێژیمە بەهۆی ئیدئۆلۆژیکبوونی ڕێژیمەکە ڕادەی بڕوای پاسدار و بەسیجییەکان بەم دەسەڵاتە زۆرتر بوو و لە هرووژمیان بۆ سەر کوردستاندا زۆرجار ئەو ڕووداوانە بینراون کە بەسیجییەکانی قۆم و ئیسفەهان دەیانگوت هاتووین بۆ «شەهادەت» و خومەینیش کلیلیی بەهەشتی پێ دابوون. بەڵام لە ئێستادا ئیدی هیچ بڕوایەکی ئیدئۆلۆژی و ئایینی بەم ڕێژیمە نەماوە و ئەوەندەیان تاڵان و تاوان کردووە و ئەوەندەیان گەندەڵیی لێ دەرکەوتووە کە هیچ پاسدارێکیش بڕوای پێیان نییە، بەڵکوو تەنیا بەرژەوەندیی تاکەکەسی بەدەوری ڕێژیمەوە دەیانهێڵێتەوە. لە کاتێکدا کە ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهی هەرەسی هێناوە و قسەکانی ڕێژیم هیچ بڕوادارێکی بەدەورەوە نەماوە، پاسدارەکانی ڕێژیم تەنیا بەرژەوەندیی ئابووری بەدەوری ڕێژیمیانەوە دەهێڵن و ئەم بەرژەوەندییە ئابوورییە دەکرێ لە شوێنی دیکە بە فراوانتر دابین بکرێ. هەر ئەم درزەیە کە دەبێتە هۆی دزەکردنی دەزگای زانیاریی وڵاتانی دیکە لە دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمدا. لەم ڕێگەوە تا بەرزترین ئاستەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپای پاسداران دەبنە خۆراکی دزەی سیخوڕی و مۆرەکانیان خۆیان بە دوژمنانی ڕێژیم دەفرۆشن! کاتێک کە لە کۆبوونەوەیەکی جیهانیدا سەرۆکوەزیری ئیسرائیل بەڵگەکانی پرۆژەی ناوکیی ڕێژیمی تاران ئیفشا دەکا و دەڵێ بە هەزاران بەڵگەیان لە تارانەوە گواستۆتەوە ئیسرائیل، ئەمە دەرخەری ڕادەی تێخزینی دەزگای زانیاریی ئیسرائیلە لە نێو دەزگا زۆر هەستیارەکانی ڕێژیمی ویلایەتی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پۆمپێئۆ: تەمەنی کەمپەینی تێرۆری تاران بەرەو کۆتاییە

مایک پۆمپێئۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژی شۆرای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەبارەت بە پرسی ڕۆژهەڵاتی ناڤین قسەی کرد و تێیدا وێڕای ئاماژەدان بەوەیکە ساتەوەختی کۆتاییهاتنی تەحریمی چەکوچۆڵی ڕێژیمی تاران نیزیک بووەتەوە ڕایگەیاند: « بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی تێرۆریزم لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە کات کەمە و کۆمەڵگای جیهانی دەبێ بزانێ کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵ دەدات ئاژاوەیەکی نوێ بنێتەوە و خۆی لەو گرفتانەی کە بەرۆکی گرتووە دەرباز بکات». ناوبراو لە بەشێکی دیکەی ئاخاوتنەکەیدا وێڕای ئاماژەدان بە گرووپە نیابەتییەکانی تاران لە عێراق و سووریە و یەمەن باسی لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی کرد و وتی: «لەو کاتەوە کە ئامریکا ڕایگەیاندووە دەیهەوێ ڕێژەی کڕینی نەوت لە ئێران بگەیەنێتە سفر، خامنەیی هەموو هەوڵی خۆی بۆ دیپلۆماسی باجوەرگرتن خستووەتە گەڕ». پۆمپێئۆ لە درێژەدا ئاماژەی بە کردەوە شەڕئەنگێزانەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێوان مانگەکانی پووشپەڕ و گەلاوێژدا کرد کە چۆن هەوڵی داوە بە بەزاندنی سنووری یاسا نێودەوڵەتییەکان ئاژاوە و بشێوی لە ناوچەدا بنێتەوە؛ لەوانەش تاقیکاریی مووشەکی بالستیک بەپێچەوانەی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شۆرای ئەمنیەت. هەروەها وەزیری دەرەوەی ئامریکا ڕوو لە خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران ڕایگەیاند: «ئەوان دەزانن کە کەمپەینی تێرۆر، کەمپەینی شەڕ و ئاژاوەیەک کە ڕێبەرانی تاران وەڕێیان خستووە بە قازانجیان نییە؛ هیوادارم بە هاوکاری یەکتر بتوانن ئاڵوگۆڕ لە کردارەکانی ڕێژیمدا پێک بهێنن؛ لە کۆتاییدا دەبێ ئەوان بڕیار بدەن کە چییان دەوێ؟» لە بەرامبەریشدا حەسەن ڕوحانی ئەمڕۆ ٣١ی گەلاوێژ لە ڕێوڕەسمی «ڕۆژی سەنعەتی بەرگری» و پاش پەردەلادان لە مووشەکی «باوەڕ٣٧٣»، جارێکی تر وێڕای هەڕەشەکردن لە ئامریکا ڕایگەیاند کە ئێمە بۆ وتووێژ و نەهێشتنی خراپتێگەیشتنەکان ئامادەییمان هەیە!

هەروەها لەحاڵێکدا کە ناوەندیی ئاماری ڕێژیم ئاشکرای کردووە: نرخی هەڵاوسان لە کۆتایی مانگی پووشپەڕی ئەمساڵ بەبەراورد لەگەڵ کۆتایی مانگی جۆزەردان ٢/٨٪ زیادی کردووە و گەیشتووەتە ٤٠/٤٪، ڕوحانی وتی:»هەنووکە هەموو پێوەرەکان دەریدەخەن کە بارودۆخی ئێمە بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوو زۆر زۆر باشترە، خەڵکەکەمان لە ڕفاه و خۆشبژێوی زیاتردا دەژین و ئارامی و سەقامگرتوویی بۆ بازاڕ گەڕاوەتەوە! و لەبەرامبەریشدا توانیومانە ئامریکا لە هەموو بوارەکاندا تەریک بخەین، بەچەشنێک کە بەدرێژایی مێژوو ئامریکا بە قەدەر ئێستە لاواز و تەریککەوتوو نەبووە بەتایبەت لەبواری سیاسی و حقووقییەوە!».

# حیزبی دێموکرات: درێژە بە خەباتی شار و شاخ دەدەین

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٤٠ـەمین ساڵی فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە بەیانییەیەکدا بڵاوی کردووە ئێمە درێژە بە خەباتی شار و شاخ لە هەموو بوارەکاندا دەدەین.

دەقی بەیانییەکە بەم چەشنەیە:

چل ساڵ بە سەر دەرچوونی فەرمانی جیهادی ڕوحوڵڵا خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان تێدەپەڕێ. خەڵکی کوردستان لە شۆڕشی ١٣٥٧ هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیمی شا چالاکانە بەشداریی و فیداکاریی کرد، بەو هیوایە کە دیکتاتۆری و سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردن دژ بە گەلی کورد دوایی پێدێ و کورد لە سیستمی سیاسیی نوێدا بەو ماف و ئازادیانە دەگا کە لە ڕێژیمی پاشایەتیدا لێی پێشێل و زەوت کرابوو. بەداخەوە ئەو ئاواتە نەهاتە دی و زۆری پێنەچوو کە سەرکوت و دیکتاتۆریی مەزهەبی باڵی بە سەر وڵاتدا کێشایەوە. بەپێچەوانەی تاران و زۆربەی ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە کوردستان شۆڕشێکی گەورەی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی-دێموکراتیک بەڕێوە دەچوو. شۆڕشێک کە لە ئامانج و ماهییەتدا بەتەواوی جیاواز بوو لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی ڕوحوڵڵا خومەینی. خومەینی و دەسەڵاتدارانی تازە لە تاران باش دەیانزانی کە ڕاپەڕین لە کوردستان لە هیچ بارێکەوە، بێجگە لە ڕووخانی ڕێژیم شادا، وێکچوونێکی لەگەڵ شۆڕشە ئیسلامییەکەی ئەوان نیە و ڕێگایەکی جیاوازی گرتووەتە بەر. ئامانجی شۆڕشی کوردستان دابینکردن و پاراستنی ئازادی و مونەسباتی دێموکراتیک و ماف و کەرامەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بوو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی نەتەوەیی و مەزهەبی و ڕەگەزی. لە کوردستان ئازادییە سیاسی و دێموکراتیکەکان ڕێزیان لێدەگیرا و دەپارێزران، تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، دامەزراندنی ڕێکخراوگەلی سێنفی و مەدەنی ئازاد بوون، خەڵک بە ئازادی نوێنەرانی خۆیان لە شووراکاندا هەڵدەبژارد. ژنانی کوردستان وەک هاونیشتمانیی دەرەجە دوو سەیر نەدەکران و کەس نەیدەتوانی شێوەژیان و جلوبەرگ و شێوەی هەڵسووکەوتیان بۆ دیاری بکا و بەسەریاندا بسەپێنێ. ئازادی لە کوردستان سنووردار نەبوو و ڕێگای بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ژن و پیاو ئاواڵە بوو. کەس بە تاوانی جیاوازیی بیروباوەڕی سیاسی یان مەزهەبی نەدەکەوتە بەر هێرش و تیغی سانسۆڕەوە. هەر کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوێک کە لە تاران ئازادیی تێکۆشانی لێ سنووردار دەکرایەوە و دەکەوتە بەر هێرشی دیکتاتۆریی نوێ، ڕووی دەکردە کوردستان و لە کوردستان، بە دڵفرەوانی و باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لێدەکرا و بە ئازادی و بە بێ ترس کار و تێکۆشانی سیاسیی خۆی بەڕێوە دەبرد. کوردستان بەحەق ناوی مەتەرێزی ئازادیی ئێرانی لێنرابوو. خەڵکی کوردستان ئەوکاتیش هەر خوازیاری ئیستقراری نیزامێکی دێموکراتیک و سێکۆلار بوون کە واقعییەتی فرەنەتەوەبوون و فرەمەزهەبیبوونی کۆمەڵگای ئێران بسەلمێنێ، ستەمی سیاسی و نەتەوایەتی لەسەر گەلانی بندەست هەڵبگیرێ و ماف و ئازادییەکانیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بە ڕەسمی بناسرێ. ئەو دۆخە سیاسییە و هەمووی ئەو بەها و ئازادیانە ناتەبا بوون لەگەڵ بیری تەسک و باوەڕی دواکەوتوانە و ئازادیکوژی حکوومەتی ئیدئولۆژیکیی تازە. بۆیە کوردستان ببوو بە چقڵی چاوی کۆنەپەرستانی حاکم لە تاران. ئەوە بوو کە ڕێژیمی ئیسلامی زەرفییەت و تەحەمولی گەشەسەندن و جێگیربوونی بیری ئازادیخوازیی لە کوردستان نەبوو و خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩ی ئۆگستی ١٩٧٩ی زایینی) فەرمانی جیهادی بە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هێرشیان هێنایە سەر کوردستان و بە ناوی ئیسلام لە هیچ جینایەت و تاوانێک دژ بە کورد دەستیان نەپاراست. ڕێژیمی کۆنەپەرست شەڕێکی خوێناوی بەسەر کورددا سەپاند، شەڕێک کە هەتا ئێستاش بەشێوەی جۆراوجۆر هەر درێژەی هەیە و بەدەیان هەزار کەس بوونەتە قوربانیی سیاسەتی شەڕخوازانەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران. کوردستان دوو ڕێگای لەبەر بوون: یان بێدەنگ دەبێ و دەست بەردەداتەوە و ملکەچی دیکتاتۆری بێ یان ئەوەی بەرەنگاری دوژمنی خوێنڕێژ و سەرەڕۆ بێتەوە و ڕێگای خەبات و سەرفەرازیی بگرێتە بەر. کوردستان بژاردەی دووەمی هەڵبژارد و درێژەی بە خەبات بۆ ئازادی و مافی نەتەوەیی گەلەکەی درێژە پێدا. بۆیە، گەلاوێژی ١٣٥٨تەنیا وەبیرهێنەرەوەی هێرشی بەربڵاوی کۆماری ئیسلامی و کاوەلکاریی و قەڵاچۆکردن و تیرۆر و جینایەتەکانی ڕێژیم دژ بە خەڵکی کوردستان نیە. بەڵکوو وەربیرهێنەرەوەی دنیایەک داستان لە فیداکاری و ئازایەتیە، وەبیرهێنەرەوەی لەخۆبردوویی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانە بە دژی دوژمنی سەرکوتکەر و دیکتاتۆریی تازەپێگەیشتوو. وەبیرهێنەرەوەی داستانی وەستانەوەی گەلێکە بە دژی زوڵم زۆر و چەوسانەوە و سەلمێنەری پێگەیشتوویی و هەستی بەرزی نەتەوەیی گەلی کوردستانە. ڕێژیم پێی وابوو، ئەگەر کوردستانی قەڵای ئازادی داگیر و سەرکوت بکا، دەنگی ئازادیخوازی و هەرچەشنە جموجوڵێکی ئازادیخوازانەی لە هەموو ئێران کپ و سەرکوت کردوە و دەتوانێ پاڵی لێبداتەوە. هاونیشتمانیانی بەڕێز! ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەورەترین قەیرانی سیاسی، ڕەوایی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی مێژووی خۆی بەرەوڕوو بووەتەوە. ڕێژیم بەهۆی گەندەڵی و سیاسەتی چەوت و ئیدئۆلۆژیک، داماوە و توانای دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ هیچکام لەو قەیرانانەی نییە. بە هۆی ترس لە ڕاپەڕینی خەڵک و ڕووخانی نیزامەکەی، ڕێژیم لە نێوخۆدا پەنای بۆ سەرکوتی زیاتر بردووە و لە دەرەوەی وڵات پەرەی بە ئاڵۆزینانەوە و تێرۆریزم داوە و لە ئاستی ناوچە و جیهانیدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەریک دەکەوێتەوە. ڕێژیم کەوتووەتە بۆنبەستەوە. لەو بارودۆخە دژوارەدا دوور نییە کۆماری ئیسلامی لە داماویدا و بۆ ڕزگاربوونی سیستمە دیکتاتۆرییەکەی لە ڕووخان، ئێران بەرەوە شەڕێکی نەخوازراو پاڵ پێوەنێ. لەو هەلومەرجە هەستیارەدا، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چوار ئەرکی سەرەکیمان لەپێشە: یەکەم؛ پێداچوونەوەی بەردەوام بە کار و تێکۆشانمان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانمان. دووهەم؛ درێژەدان بە خەباتی نوێمان خەباتی شار و شاخ (ڕاسان) بەپێی هەلوومەرج و پێداویستیی، لە هەموو بوارەکاندا. سێهەم؛ پتەوترکردن و پەرەپێدان بە هاوکاریی و خەباتی یەکگرتوو لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران. چوارەم؛ هەوڵ و تێکۆشان بەمەبەستی پێکهێنانی بەدیلێکی دێموکراتیک و گشتگیر بە هاوکاریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ و ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندی. بەدیلێک کە لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات متمانە و پشتیوانیی خەڵک و بیروڕای گشتیی جیهانی بۆلای خۆی ڕابکێشێ و گەلانی ئێران لە دەست ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی ڕزگار بکات. دەرسی هەرە گرینگی ٢٨ی گەلاوێژ ئەوەیە کە ڕێگای ڕزگاریی ئێمەی کورد و پاراستنی کەسایەتی و کەرامەتی تاک و نەتەوەییمان، درێژەدان بە خەباتی و تێکۆشان بە یەکگرتوویە. کورد دەبێ ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەرچەشنە ڕووداو و سناریۆیەک بێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**

# پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات نامەیەکی سەرئاوەڵای بڵاو کردەوە

پاش ئەوەیکە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب لە سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ سێ وڵاتی «سکاندیناوی» ئاگادار کرایەوە، نامەیەکی سەرئاوەڵای ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی هەر سێ وڵاتی «سوئید»، «فینلاند» و «نۆرویژ» کرد کە لە ڕۆژانی داهاتوودا میوانداری لە وەزیری دەرەوەی ئێران و شاندی هاوڕێی دەکەن. لە بەشێکی ئەم نامەیەدا، وێڕای ئاماژەدان بە سەرکوت و چەوسانەوەی سیستماتیکی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باقی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، داوا لە حکوومەتی ئەو سێ وڵاتە کراوە کە، پێشێلکارییە زەقەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک بابەتێکی جیددی لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران بخەنە بەر باس. هەروەها لە نامەکەدا هاتووە: ئێستا ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە یەکیەتیی ئورووپا بە وڵاتانی سکاندیناویشەوە، ئەو ڕاستییە ببینن کە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە، لەنێوان سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران. لەم پەیوەندییەدا لە نامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ناکرێت وڵاتانی ئورووپایی خۆیان تەنیا لەگەڵ بەشێک لە کێشە دەرەکییەکانی ئێران خەریک بکەن و خۆیان لە کێشە ناوخۆییەکانی ببوێرن، بۆ نموونە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا ساڵانێکە هەموو فۆکووسی خۆی خستووەتە سەر دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بەرنامەی ناوکیی ئێران، لە کاتێکدا کێشە نێوخۆییەکانی ئێران و لەوانە پرسی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا پەراوێز خراون. هەر لەم پەیوەندییەدا لە نامەی سەرئاوەڵای پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبدا، ئاماژە بەوە دراوە کە چەوساندنەوەی سیستماتیکی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ گۆڕانی دیمۆگرافیی هەرێمەکانی نیشتەجێبوونی نەتەوە بندەستەکان و هەروەها هەوڵی بێوچانی ئاسیمیلاسیۆن لە کێشە سەرەکییەکانی ناوخۆیی ئێرانن. لە کاتێکدا کە پاش هاتنە سەرکاری حەسەن ڕۆحانی بەڵێنی چارەسەریی زۆر کێشە بە خەڵک دراوە، بەڵام کێشەکان نەک هەر چارەسەر نەبوون، بەڵکوو لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و بە ناو مودیریەتەکەی ڕۆحانی لە سێدارەدانی جیابیران بەتایبەت ئەوانەی سەر بە نەتەوەی کورد و باقی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بوون چەند قات زیادی کردووە.

لەم نامەیەدا باسی خراپیی لەڕادەبەدەری بارودۆخی ئابووریی کوردستان و ئاستی بەرزی بێکاری لە وڵاتدا کراوە و ئاماژە بەوە دراوە کە لە کاتێکدا ڕێژیم هەموو سەرچاوە سرووشتیەکانی کوردستان تاڵان دەکات، بەڵام خەڵکی کوردستان ناچارن بۆ بژێوی ژیانیان پەنا بۆ «کۆڵبەری» بەرن و تەنانەت ئەم کۆڵبەرانەش ڕۆژانە دەکەونە بە هێرشی چەکداریی هێزەکانی ڕێژیم و دەکوژرێن و بریندار دەکرێن. نامە سەرئاوەڵاکەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەندین بابەتی گرینگی دیکەی بە هێنانەوەی فاکت و ئاماری جێی متمانە لەم نامەیەدا هێناوەتە بەر باس.

لە کوتایی نامەکەدا داوا لە حکومەتەکانی هەر سێ وڵاتی فینلاند، سوئید و نۆرویژ کراوە، بەرانبەر بە کردەوەکانی ڕێژیمی ئێران دژ بە نەتەوەی کورد و باقی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتە بێدەنگ نەبن و ئەم بابەتانە لە چاوپێکەوتنەکانیاندا لە گەڵ شاندی ئێرانی بخەنە بەرباس و هەڵوێستی شیاو بنوێنن.

# پەیامی «یزاکا» بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز، لێپرسراوی گشتی و ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی و کادر و پێشمەرگە خۆڕاگرەکانی حیزبی دێموکرات،

بەبۆنەی ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، گەرمترین پیرۆزبایی یەکێتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران، قەبوڵ بفەرموون.

تێکۆشەرانی ڕێبازی پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندیی شەهید!

حیزبی دێموکرات وەک یەکەم حیزبی مودێرن، ڕەسالەتێکی نەتەوەیی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە جێگای شانازی و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بووە و دەبێت، ئێستاکەش ڕاسان وەک پرۆژەیەکی چەند ڕەهەندی بووەتە جێگای هیوا و هومێدی گەلەکەمان و خەڵک هیوایان لەسەر هەڵچنیوە، ئەم پرۆژەیە نەک هەر دەتوانێت پێشمەرگە و ئەندامانی دێموکرات لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بگرە دەتوانێت ببێت بە پرۆسەیەکی هەمەلایەن لە سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و دەتوانێت ئامانجەکانی پێشەوای نەمر و ڕێبەرانی شەهید و هەزاران شەهیدی تێکۆشەر لە ڕێبازی دێموکرات وەدی بێنێت، یەکێتییەکەمان هەمیشە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی وەک ئەرکێکی گرنگی نەتەوەیی لە ئەستۆ گرتووە و هیچکات پشت لەم پشتیوانییە ناکات. جارێکی تر ٢٥ی گەلاوێژ لە هەموو ڕێبوارانی ڕێبازی دێموکرات و ڕاسانییانی بەوەفای ڕێبەرانی شەهید بەرز و پیرۆز بێت.

**یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران**

# ناوەندی هاوکاری: ئێستاش کوردستان هەر سەنگەری مقاوەمەتی ئێرانە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵڕۆژی فەرمانی جیهادیی خومەینی بۆ سەر کوردستان پەیامێکیان بڵاو کردەوە.

دەقی بەیانییەکە بەم چەشنەیە:

٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی ٤٠ ساڵەی فەرمانی جیهادی خومەینییە و هێرش بۆ سەر خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

هاونیشتمانانی خۆڕاگر و خۆشەویستی کوردستان ٤٠ ساڵ لەمەوبەر و لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی خومەینی ڕێبەری تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی پاش ٩ مانگ حوکمڕانی بە دەرکردنی فتوا بەدناوەکەی دژ بە خەڵکی ئازادیخواز و بیرجیاوازی کوردستان، بە کردەوە ڕێگای بۆ قەڵاچۆکردنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان و ئازادیخوازن بە شێوەی جۆراوجۆری وەک دادگای سەحرایی خەڵخاڵی و بڕیاری ئێعدامی سەرانی ئەحزاب و کوشتاری خەڵکی ئاسایی کوردستان و بە بیانووی بێبنەما و تۆمەت و بوختانی هەڵبەستراو، لەشکرکێشییەکی بەربڵاوی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان دەسپێکرد. ڕێژیمێک کە لە تاریکایی مێژووڕا هاتبوو و خەونی نیگریسی بۆ کۆمەڵگای ئێران بۆ بردنی بۆ ناو تاریکخانەی سەدەکانی ناوەڕاست هەبوو، نەیدەتوانی کوردستانێک قبووڵ بکا کە لەو ماوە کورتەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هەتا ٢٨ی گەلاوێژ واتە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک، سەرەڕای کەم ئەزموونی لە ئیدارەی وڵات وحوکمڕانی، کوردستانی بەوپەڕی ئارامی و سەقامگیری ئیدارە دەکرد و لەوماوە کورتەدا و سەرەڕای گەمارۆی ئابووری لە لایەن ناوەندەوە کوردستان ببوو بە نموونەی ناوچەیەکی ئازاد و دێمۆکراتیك و وەک مۆدێلێکی ئالترناتیو بۆ هەموو ئێران چاوی لێدەکرا. نوێنەرانی شار و دێهاتەکانی بە دەنگی ئازادانەی خەڵك هەڵبژێردرابوون و ئەنجوومەنە سێنفیەکان دەوری خۆیان دەگێڕا و دابینکردنی مافی یەکسانی بۆ ژنان لە دەستووری کۆمەڵگای کوردستان کە ئەزموونی کۆمەڵگایەکی سێکولاری تێپەر دەکرد ببوو بە چەقڵی چاوی حاکمانی کۆماری ئیسلامی. نیگەرانی لە بەهێزتربوونی ئەم ئەزموونە هاندەری سەرەکی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ لەشکرکێشی و هێرش بۆ سەر خەڵك و خاکی کوردستان. لە بیرمان نەچێت کە هەرئەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرا تەنانەت ئەو هێزانەی بە بیانووی پڕوپووچ وەک خەبات لە دژی ئامریکا و شتی لەو بابەتە چوونە پاڵ کۆماری ئیسلامی و پشتیوانیان لێکرد و لە دژی بزووتنەوەی کوردستان دەستیاندایە دوژمنکاری، دوایی کەوتنە بەر گورزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و قوربانی غەزەبی دەسەڵاتی ئایینی کۆنەپارێز. بەهەموو ئەوانەشەوە و سەرەڕای توانایی زۆرتری ئیمکانیات و کەرەسەی نیزامی، بەڵام دەتوانین بە شانازیەوە بڵێین کە ٢٨ی گەلاوێژ لە هەمان کاتدا ڕۆژی بەرەنگاری و ئیرادەی نەتەوەی کورد بوو بۆ خەبات لە دژی سەرەڕۆیی و سەرکووت. هەموو شاخ و دۆڵ و دێهات و شارەکانی کوردستان بوون بە سەنگەری بەرگری و مقاومەت و لەو ڕێگایەدا گەلێک شانازی مەزن و شکۆدار لە لایەن جەماوەری خەباتکار و هێزی پێشمەرگەوە تۆمار کران. ئێستا و پاش تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ بە سەر تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ ئێران لە بارودۆخێکی ناسەقامگیر دایە و حاکمیەت بە گشتیی کەوتووەتە ژێر گوشاری یەک جار زۆری وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ناوچەیی لە لایەک و خەڵکی مافخوراوی ناوخۆی ئێرانش لە لایەکی تر و هەتا دێت ئەم گوشارانە زیاتر دەکات. لە لایەک زێدەخوازییە ناوچەییەکانی ئێران و دەستێوەردانی لە وڵاتانی دراوسێ و جیهان و داڵدە دان و پشتیوانی کردنی تێرۆریزم، کێشەی ئەتۆمی و مووشەک دوورهاوێژەکانی بوونەتە قەیرانی گەورە و هۆکاری گەمارۆ ئابوورییەکان و کێشەی دەرەکی و لایەکی تر ناکارامەی سیاسی، سیستمی بەربڵاوی ڕانتخۆری-مافیایی ئابووری، سەرکوتی بیرجیاوازان و کێشەی ناوخۆیی باڵەکانی دەسەڵات و دەیان هۆکاری تری ناوخۆیی ئێرانی گەیاندۆتە ئەم باردۆخەی ئێستا.

ناڕەزایەتییەکانی ئەم ٢ ساڵەی ڕابردوو دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە تا دێت خەڵکی ئێران لە چاکسازی لە ناو سیستەمی حاکم بێ هیواتر دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قورسایی ژیان لە ناو ئەم دام و دەزگایە زیاتر دەکەوێتە سەر شانی خەڵک و پتر هەست بە بێ چارەنووسی دەکەن، بەڵام هیوا بە خۆی خەڵک بۆ بەرەنگار بوونەوە لە بەرانبەر حاکمیەت ڕوو لە هەڵکشانە و لە لایەکی دیکەش بۆ جارێکیتر هەتا بەرەوپێش دەچین ئاڵقەی دژبەرانی و دوژمنانی دەرەکیی ئێران بەربڵاوتر و ئاڵقەی دۆستانی تەنگتر دەبێتەوە. لە نیهایەتدا هیچ دەسەڵاتێک نییە کە توانیبێتی هەتا کۆتایی بە گوشار و سەرکوت و ئێعدام درێژە بە ژیانی خۆی بدات و ئەوە هێز و وزە و ئیرادەی جەماوەرە کە چارەنووسی هەر کۆمەڵگایەک دیاری دەکات. بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەر بەم ڕێچکە مێژووییەدا دەڕوات کە هەموو ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکەر و داپلۆسێنەر پێیدا ڕۆیشتوون و سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانەیە کە بە بێ هیچ دوودڵییەک بەرانبەر وەها دەسەڵاتێک دەوەستنەوە. دیارە دوای ٤٠ ساڵ خەڵکی کوردستان هەر بە ورەی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران بگرە زیاتریش درێژە بە نا فەرمانی خۆیان بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دەدەن. بە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە درێژایی ئەو ساڵانە بەسەر کۆمەڵگای کوردستان و ئێران هاتووە دەیان جار بەبەر چاوی هەموو لایەکەوە خەڵکی کوردستان بەرانبەر ئەو ڕێژیمە وەستاونەوە و نیشانیان داوە کە ئێستاش کوردستان هەر سەنگەری مقاومەتی ئێرانە و خەڵکی کوردستانیش شۆڕشگێڕانی پێشرەوی ئەو ڕێگایەن. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش یەکدەنگتر لە هەمیشە و بەرچاوڕوونتر لە ڕابردوو بەرەو یەکگرتوویی زیاتری نێوان کۆمەڵگا و هێزە سیاسییەکان هەنگاو دەنێ پشت بەستوو بە پشتیوانی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەروانێتە داهاتوویەکی گەشاوە بۆ خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان و ئێران.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

# پیرۆزبایی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی کرد. دەقی نامەکە بەم چەشنەیە: سڵاو و ڕێز، بە بۆنەی ٧٤مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ بە ناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندامانمان پیرۆزبایی گەرمی ئەو یادەتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین. بەڕێزان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە هەتا ئەمڕۆ لەپێناو هێنانەدی مافی گەلی کوردستان تێکۆشاوە و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە کاروانی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا لەم ڕێگایەشەوە قوربانیی زۆری پێشکەش کردووە. هیوا خوازین ئەم یادەد ببێتە مایەی زیاتر یەکڕیزیی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەپێناو بەدەستهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەمان، جارێکی دیکە لەم بۆنەیەدا جەخت لەسەر پێوەندیی دۆستانەی دێرینی دۆستانەی هەر دوولامان دەکەینەوە. دووبارە پیرۆزباییمان قەبووڵ بفەرموون. لەگەڵ ڕێزمان

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان ـ عێراق**

# شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداری لە ڕێوڕەسمی ٧٣ ساڵەی پارتی دێموکراتی کوردستان کرد

شاندێکی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوئید، بەشداریی لە ٧٣ـهەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستانی کرد.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢٦ی گەلاوێژی، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی لیژنەی ناوچەی «پارتی دێموکراتی کوردستان» لە وڵاتی سوئید، شاندێکی کۆمیتەی گشتیی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»، بە سەرپەرستیی «تەیموور مورادی»، لە ڕێوڕەسمی ٧٣هەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەو حیزبەدا بەشداریی کرد.

ئەو ڕێوڕەسمە، لە شاری «ستۆکهۆلم» و بە بەشداریی دوکتور»جەعفەر ئێمنکی»، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرایەتیی «حکوومەتی هەرێمی کوردستان»، لە وڵاتی سوئید، نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و عێراقییەکان و چەندین کەسایەتی، بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا وێڕای پەیامی لیژنەی ناوچەی پارتی، دوکتور «جەعفەر ئێمنکی»ـش، چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات وێڕای پیرۆزبایی‌کردن لە بەرپرسانی پارتی دێموکرات، هیوایان خواست کە درێژە بە پەیوەندیی دوولایەنە و هاوخەباتی و هاوپشتیوانیی زیاتر لە ڕاستای پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییە هاوبەشەکاندا بدەن.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە

ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٩٨، ١٣هەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە ناوەندی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە نوێنەرانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری تێیدا بەشداربوون، سەردێڕی کار و چالاکییەکانی دەورەی پێشووی ناوەند لە لایەن نوێنەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە خوێندرایەوە.

پاشان هەر یەک لە بەشداربووان، تێبینی و بۆچوونی خۆیان لەسەر کار و چالاکییەکانی دەورەی ڕابردوو دەربڕی و پێشنیاری پێویستیان بۆ چالاکییەکانی خولی داهاتووی ناوەندی هاوکاری خستەڕوو.

قسەکردن لەسەر بارودۆخی کوردستان و ئێران و ناوچەکە، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە لایەنەکان لێکدانەوە و شیکاریی خۆیان بۆ دۆخی ئێستا خستە ڕوو و جەختیان لەسەر چڕوپڕترکردنی کار و ئەرکەکانی ناوەندی هاوکاری کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، ناوەندی هاوکاری، پشتیوانیی خۆی بۆ ١٤ چالاکی مەدەنی و ١٤ چالاکی بواری ژنان لە ئێران دەربڕی کە لە بەیاننامەیەی جیاجیا بە ئاماژە بە دژە ژن بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لەسەر ئەوە جەختیان کردبووەوە کە بە شێوازی هێمنانە و دوور لە توندوتیژی، دژی ڕێژیمی ئیسلامی دەوەستنەوە و داوای دەست لە کارکێشانەوەی عەلی خامەنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئێران دەکەن.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەی ناوەندی هاوکاری، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وەک بەرپرسی دەورەی ناوەند، کار و چالاکییەکانی دەورەی داهاتووی گرتە ئەستۆ و کۆبوونەکە پاش نزیکەی ٦ کاتژمێر کۆتایی پێهات.

# حیزبی ڕزگاری: حیزبی دێموکرات چەمک و ناسنامەیەکی نوێی بە نەتەوەی کورد بەخشی

حیزبی ڕزگاریی کوردستان، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە، پەیامێکدا پیرۆزبایی لە حیزبی دێموکرات کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز کاک مستەفا هیجری، لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

بەڕێزان ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاوی ڕزگاری و سەرخۆبوونتان لێبێ

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر ناوی خۆم و لە جیاتی هەڤاڵانم لە سەرکردایەتیی حیزبی ڕزگاریی کوردستاندا، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەم و لە ڕێی ئێوەی بەڕێزیشەوە سڵاو و پیرۆزبایی لە تێکڕای ئەندامانی حیزبە خەباتگێڕەکەتان دەکەم و دەخوازم کە هەمیشە سەرفراز و سەرکەوتوو بن.

بەڕێزان! لە کەس شاراوە نییە کە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەمین ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی، چەمک و ناسنامەیەکی نوێی بە نەتەوەی کورد و خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان بەخشی کە هەتا ئەمڕۆکەش کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکان دەنەخشێنێ و ڕاستیی سیاسەتەکانی سەر ڕاست دەکاتەوە.

ئەوەتا دوای تێپەڕبوونی ٧٤ ساڵ هێشتا ڕۆڵی پێشەنگایەتی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵات دەگێڕێ، ئەمەش هەم شانازییەکی گەورەی مێژووییە، هەمیشە دروستی ئامانجەکانی وەبیر دەهێنێتەوە.

ئێمە لە حیزبی ڕزگاریی کوردستاندا گرنگی و بایەخی تایبەت بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حیزبە خەباتگێڕەکەتان دەدەین. لە کۆتاییدا بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوە.

**ڕێکار ئەحمەد**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی ڕزگاری کوردستان**

# پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران پیرۆزبایی ٢٥ی گەلاوێژیان کرد

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرندانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران پیرۆزباییان لە حیزبی دێموکرات کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

لە ٧٤ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی سەرکردایەتی، کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبەکەتان دەکەین.

دیارە ئەم یادە شکۆدارە لەم کاتەدا، هاوکاتە لەگەڵ بارودۆخێکی وا کە ناوچەکە لە قەیرانێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیدایە و پێشبینیی بشێوی و ڕووداو و گۆڕانگاریی زیاتر دەکرێت؛ بەتایبەتیش بەهۆی ناکۆکیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێمە لە پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان ئاواتەخوازین خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کەمترین قوربانی بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن و ئازادی و ئاشتی و دێموکراسی بچەسبێت.

لەو پێناوەشدا ئومێدەوارین حیزبی دێموکرات بۆ ئەو پێشهات و ڕووداوانە، بە بەرنامە و کاری هاوبەش لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادە و هاوئاهەنگ لە ئاست قۆناغەکان بێت.

دووبارە بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی خۆمان ڕادەگەیەنین و جەخت لە پەیوەندی دۆستانەی نێوانمان دەکەینەوە.

هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بن

# شاندێکی حیزبی ڕزگاریی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد

ڕۆژی سێشەممە، ١٥ی گەلاوێژ، شاندێکی حیزبی ڕزگاریی کوردستان بە سەرپەرستیی «ڕێکار ئەحمەد» سەردانی حیزبی دیمۆکراتیان کرد. سەرەتا «محەممەد نەزیف قادری» وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان، باسێکی سەبارەت بە ڕەوشی هەنووکەیی ئێران و کوردستان، کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری پێشکەش کرد. قادری هەروەها باردوخی سیاسیی ئەمڕۆی ناوچەکە و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەتایبەت لەسەر کۆماری ئیسلامی و هاوکێشە سیاسییەکانی بە وردی شی کردەوە. پاشان «ڕێکارئەحمەد» وێڕای سپاس لە پێشوازی حیزبی دێموکرات، ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە بزوتنەوەیی نەتەوەیی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان بەرز نرخاند و باسی لە سیاسیەت و هەڵوێستی دروست و نەتەوەیی حیزب کرد. ناوبراو هەروەها، ڕایگەیاند پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات کە لە زۆر قۆناغی مێژوویدا سەربەخۆیی سیاسیی خۆی پاراستووە، ئەرکی هەموو نیشتمانپەروەرێکی کوردە. لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن وێڕای جەخت لە هاوکاری و پێوەندی نێوانیان، پێداگرییان لەسەر بەهێزترکردنی پێوەندیی دۆستانەیان داگرتەوە.

# دەورەی ٢٣٧ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات



لە چیاکانی کوردستان، دەورەیەکی دیکەی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات و پۆلێکی دیکە لە لاوانی تێکۆشەری کوردستان پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان «فواد خاکی بەیگی» بەرپرسی نووسینگەی کارگێڕی حیزبی دێموکرات، پەیامی پیرۆزبایی دەستەی کارگێڕی پێشکەش بە بەشداربووانی دەورەکە کرد. ناوبراو لە پەیامەکەیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە دۆخی هەنووکەیی کوردستان و ئێران ڕایگەیاند: هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە پێناو پاراستن و بەدیهێنانی ئامانج و بنەماکانی یەکەمین کیانی دێموکراتی کوردی واتە کۆماری کوردستان دامەزراوە، هاوکات باسکی بەهێزی «ڕاسان» واتە خەباتی نوێی ڕۆژهەڵاتە. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا باسی لە گرینگی و نەخش و شوێندانەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد و ئاماژەی بەوە دا کە بوونی هێزێکی تۆکمەی لەو چەشنە دەبێتە زامنی زووتر بە ئامانج گەیشتنی گەلەکەمان. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەخشانێک لە ژێر ناوی «ڕاسانی حیزب و گەل» لەلایەن بەشداربوویەکی دەورەوە پێشکەشکرا. دواتر «خەلیل میلانی» مامۆستای فێرگە، ڕاپۆرتی پەروەردەی فێرگەی پێشکەشکرد. بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی گۆرانییەکی نیشتمانی لەلایەن بەشداربوویەکی دەورەوە. دواتر «ئەمیر پەیامەنی» پەیامی بەشدارانی دەورەی ٢٣٧ی پێشمەرگەی خوێندەوە. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەخشانی «منداڵانی دێموکرات» لەلایەن بەشداربوویەکی دەورەوە پێشکەش کرا. کۆتابڕگەی ڕێوڕەسمەکەش بریتی بوو لە دابەشکردنی خەڵات بەسەرکەسانی سەرکەوتووی دەورەکە و ئەنجامدانی چەند نمایشێکی نیزامی لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە.

# سێمینارێک سەبارەت بە فەرمانی جیهادی خومەینی بەڕێوەچوو



بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ بە سەر فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، سێمینارێک لە لایەن هەیئەتی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکانی حیزب بە هاوکاریی بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات لە کەمپی جێژنیکان بەڕێوەچوو.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی گەلاوێژ، بە بەشداریی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە شاری هەولێر و دەوروبەری، هەروەها نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان، سێمینارێک لە دوو پانێلی جیاجیادا بەڕێوەچوو.

لە پانێلی یەکەمدا «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرساوی گشتی و بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکانی حیزب، باسێکی گشتیی سەبارەت بە فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان و جینایەتەکانی ڕێژیمی خومەینی دەرهەق بەخەڵکی کوردستان پێشکەش کرد.

ناوبراو لە قسەکانیدا وتی: «٤٠ ساڵ لەمەوبەر، بە فتوای خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، سپای تازە دامەزراوی پاسداران بە مەبەستی داگیرکردن و هەژموونییان بە سەر کوردستانی ڕۆژهەڵات، هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر کوردستان و بە هەزاران کەسیان کردە قوربانی و وڵامی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانیان بە هێرش و کۆمەڵکوژی و سەرکوت و سێدارە و گوللەبارانکردنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان دایەوە».

لە درێژەدا زیادی کرد: «ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، ڕێگر بوو لەوەی کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کەشێکی ئازاد و دێموکراتیك هەبێت، هەر بۆیە بە زووترین کات هێزە چەکدارەکانی پاسدار و ئەرتشی ئێرانی ڕەوانەی کوردستان کرد و بە شێوەیەکی دڕندانە و بێبەزەییانە دەستیان دایە سەرکوت و قەتڵوعامکردنی نەتەوەی کورد».

«قادری» هەروەها وتی: «گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی تەنیا وەبیرهێنەرەوەی هێرشی بەربڵاوی کۆماری ئیسلامی و کاولکاری و قەڵاچۆکردن و تیرۆر و جینایەتەکانی ڕێژیم دژ بە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو وەربیرهێنەرەوەی دنیایەک داستان لە فیداکاری و ئازایەتییە، وەبیرهێنەرەوەی لەخۆبردوویی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانە بەدژی دوژمنی سەرکوتکەر و دیکتاتۆری تازەپێگەیشتوو». لە پانێلی دووهەمدا، مامۆستا «حەسەن واژەیی»، کادری دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، باسێکی سەبارەت بە لایەنی شەرعی و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پشت ئەو فتوایە بۆ ئامادەبووان شی کردەوە و وتی: «فتوا و بڕیاردان مافی کەسایەتی و مەرجەعە تایبەتییەکانە، خومەینی نەتەنیا ئەو سەڵاحییەت و کەسایەتییەی نەبوو، بەڵکوو تەنانەت لەنێو شیعەکانیشدا ئەو کەسایەتییەی نەبوو.

خومەینی کەسایەتییەکی ئاست نزم و مرۆڤێکی دڵ لە قین و دڕندە بوو و بە ڕابردوویەک کە هەیبوو تەنانەت ڕەحمی بە هاوسەنگەر و هاوبیرانی خۆیشی نەدەکرد. ناوبراو داوای لە هەموو خەڵکێکی موسوڵمان (لایەنگرانی ویلایەتی فەقیه) کرد ئەرکی شەرعیی خۆیان، واتە هێرشکردنە سەر کوردستان و هەڵکەندنی «ئەساسی کفر و ئیلحاد»، بەجێ بهێنن، هەر بۆیە جیهادییەکان و هۆگری ویلایەتی فەقیه، لە کوردستان تاوانی گەورەیان ئەنجام دا». «واژەیی» وتی: «فتوا و کۆمەڵکوژیی خومەینی و هاوبیرانی نەیتوانی چۆک بە ئیراەی مافخوازانەی خەڵک دابدات و نەتەوەی کورد هەروا بە ئیرادەیەکی بەرزی شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەوە لە تێکۆشانی خۆیدا بەردەوامە».

## درێژەی پەیڤ

فەقیهیدا. هەر لەم ڕۆژانەدا دووبارە لە زمانی خودی بەرپرسانی ڕێژیمەوە، بۆ وێنە کەسێکی وەکوو عەبدوڵا شەهبازی کە ڕاوێژکاری بەیتی خامنەییە، دەڵێن کە بەرپرسی پایەبەرزی ئیتلاعاتی ڕێژیم هەڵهاتووە و چۆتە ئیسرایل! ئەم باسی تێخزانی دەزگای زانیاریی وڵاتانی دیکە لە دەزگای سیخوری و ئیتلاعاتیی ڕێژیمدا، باسێکە کە ڕەنگە بە دەیان و سەدان کەسی دیکەی تێدا هەبێ کە یان بەبەرنامەوە لە شوێنێکی ئەم ڕێژیمە جێیان گرتبێ یان لە ڕەوتی بێبڕواییان بە ڕێژیمدا دەستیان کردبێ بە فرۆشتنی زانیاری، بەڵام ڕێژیم دەیهەوێ لەم بابەتە بەشێوازی دیکە کەڵک وەربگرێ و ئەو پەروەندە پڕلە تاوانبارییانەی کە هەیەتی، بیبەستێتەوە بەو جۆرە کەسانەوە. بۆوێنە عەلی موتەهەریی جێگری مەجلیسی ڕێژیم دەڵێ کە پەروەندەی قەتڵە زنجیرەییەکان و کوژرانی زانا ئەتۆمییەکان و تەقینەوەی مەشهەد دووبارە هەڵ بدرێتەوە. یانی دەیهەوێ ئەو بیرورایە دروست بکا کە ئەو جۆرە پەروەندەی کوشتار و تیرۆرانە هی خودی ڕێژیم نەبووە و وەلیی فەقیهی داوێنی پاکە و ئەوە کەسانی سەر بە دەزگای زانیاریی وڵاتانی دیکە ئەو کارانەیان کردووە. لێرەدا دوو خاڵی گرنگ دەبێتە جێی پرسیار: یەکەم — گەر دەزگای زانیاریی وڵاتانی دیکە ئەوەندە تێخزاون لە دەزگاکانی ڕێژیمدا کە تەنانەت سیاسەتی ستراتژیک بۆ ڕێژیم دادەڕێژن و پەروەندەی وەها گەورە دروست دەکەن کە بە سی ساڵیش ڕێژیمی پێوە خەریک دەبێ، ئەی ئەم دەزگایانەیان بۆچییە، ئایا بۆ خزمەت بە ئیسراییلیان دروست کردوون؟!! دووهەم- خۆ هەموو تاوانەکان و کۆمەڵکوژییەکان هەر ئەو چەند نموونە بچووکە نین. گەربەو شێوەیە وابێ کە تاوانەکان لەم ڕێژیمەدا کەسانی سەر بە دەزگای زانیاریی وڵاتانی دیکە کردوویانە و بڕیاریان داون، لەو کاتەدا خودی خومەینی و خامنەیی و ڕەفسەنجانی و خەڵخاڵی و بەهەشتی و هەموو ئایەتوڵلاکانی ڕێژیم داهۆڵێک بوون بە دەستی بێگانەکانەوە! ئەم پەروەندەی تێخزانی دەزگای زانیاریی وڵاتانی دیکە لە وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپا و شوێنەکانی دیکە دوو شتی گرنگ دەڵێ: یەکەم ، تاوان بەشێکی ئەساسیی پێناسەی ئەم ڕێژیمەیە، بۆیە هەرکەس تەنانەت بەقەولی خۆیان «نفوزیش» تاوان بخولقێنێ، نەک لێی بەگومان نابن، بەڵکوو زۆر خۆشەویستتر دەبێ. دووهەم، سیستمی کۆماری ئیسلامی لەباری ئیدئۆلۆژییەوە هەرەسی هێناوە و هەموو مۆرەکانی ئامادەن خۆیان بفرۆشن.

# مستەفا هیجری:

# حیزبی دێموکرات، لە خەڵکە و بۆ خەڵکە

**دەقی پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٤ەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات**

گەلاوێژ، خاڵی گەشانەوەی هیواکان پیرۆز و هیواتان بەرزتر بێت.

٧٤ ساڵ بەر لە ئێستا، حیزبی دێموکراتی کوردستان، نە بە ڕێکەوت، بەڵکوو لە ڕووی زەروورەتێکی سیاسی و بە پاشخانێکی مێژووییەوە لەسەر دەستی نەمر پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا. ئەو حیزبە لە دەقێکی مێژوویی ئەوتۆدا دامەزرا کە بە قۆناغی ململانێ و ڕکابەرایەتیی ئیدئۆلۆژییەکانی نازیسم، فاشیزم و سەرمایەداری دەناسرێتەوە و ئەم ململانێیەش سەروبەری ناوچەی تەنیبووەوە.

لە لایەک کایەی بەرژەوەندییەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و باڵادەستیی ڕێژیمێکی سەرەڕۆی وەک پەهلەوی و لە لایەکی دیکە، بێبەشی و مافخوراویی نەتەوەکان و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، زیاتر زەروورەتی سیاسی و مێژوویی دامەزرانی حیزبی دێموکراتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. حیزبێک کە لەسەر گەراکانی جووڵانەوەکانی پێش خۆی و لەسەر بنەما تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لەدایک بوو. هەڵبەت ناکرێت گرفت و دەرفەت و هەلومەرجی تایبەتی جووڵانەوەکانی پێشتر، بە یەک شێواز لێک بدرێتەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، چونکە هەر یەک لەو جووڵانەوانە پاشخانی مێژوویی و هەلومەرجی تایبەت و ئاسۆی ڕوانین و شێوازی تێکۆشانی خۆیان هەبووە، بەڵام لەسەر یەک، هاتنەکایەی حیزبی دێموکرات، بە وەرچەرخانێک ئەژمار دەکرێت لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا.

لێرەوە بوو کە وەک زەروورەتە مێژووییەکەی، بە گوێرەی ئەرک و بەرپرسیارەتییەک کە کەوتە سەرشانی، نوێنەرایەتیی خەباتێکی سەخت و بەربەرەکانێیەکی بەردەوامی گرتە ئەستۆ. نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکی بندەست، خاوەندارێتیکردنی گوتاری کوردایەتی، هەوڵدان بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی، ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیی و گەڕاندنەوەی کەرامەت بۆ نەتەوەیەکی بەشخوراو و پارچەپارچەکراو لەم بەشەی نیشتمان، هێڵە سەرەکییەکانی ئەم خەباتە بوون کە ئێستاش هەر بەردەوامە. نەبوونی ئازادییەکان، بێ دەرەتانی، بێ مافی، هەوڵی پەراوێزخستن و دواجار تواندنەوەی مێژوو و شوناسی کوردی لە لایەن دەسەڵاتە بێبەزەیی و دژەمرۆییەکانی ناوەندەوە، بوونەتە هەوێنی خەباتێکی دوورودرێژ کە بە هەزاران هەزار شۆڕشگێڕی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە و قۆناغ بە قۆناغ، وێڕای کەندوکۆسپ و هەوراز و نشێوی زۆر، ڕێی کردووە و تا دێت لە ئاسۆی سەرکەوتن نزیکتر دەبێتەوە. حیزبی دێموکرات، لە خەڵکە و بۆ خەڵکە.

نەتەوەخوازی و دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەی، ڕێڕەوی سەرەکیی خەباتەکەیەتی. دێموکراسی و بەهاکانی، پرەنسیپی نەگۆڕی بووە. پێکەوەژیانی دڵخوازانە، هاوخەباتی و دۆستایەتیی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان و لایەنە ئازادیخوازەکان، بنەما سەرەکییەکانی خەباتەکەی بووە.



بە دامەزرانی کۆماری پڕشکۆی کوردستان، کە مۆرکێکی نەتەوەیی و سامانێکی گەورەی سیاسی و مێژووییە، حیزبی دێموکرات بە گوتار و بە کردەوە سەلماندی کە پابەند و وەفاداری ویست و بەها نەتەوەییەکانە. خودی دەسکەوتەکانی کۆمار، گەڕانەوە بۆ زمانی دایک و پەروەردەی نیشتمانی و کولتووری نەتەوەیی، دەستنیشانکردنی ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە، ئەو ناونیشانەن کە وەک شادەمارەکانی کیانێکی نەتەوەیی دێنە ئەژمار، هەر بۆیە حیزبی دێموکرات و مێژووەکەی شانازیی پێوە دەکەن. لەگەڵ ئەوەی کە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، دەسپێکی قۆناغی هۆشیاریی نەتەوەیی و گەشەسەندنی بیری ڕزگاریخوازی و پەرەسەندنی ڕاپەڕین و جووڵانەوە نیشتمانییەکان بوو، بەڵام هاتنەکایەی حیزبی دێموکرات قۆناغێکی نوێی بەدوادا هات.

بە دامەزراوەیی کردنی کۆماری کوردستان، دانانی بەرنامەی سەردەمیانە، سیاسەتی ئاشتەوایی، ڕەچاوکردنی بەها مرۆییەکان و پاراستنی مافی کەمە نەتەوەیی و زمانی و ئایینییەکان، دابینکردن و پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکە، گرنگیدان بە توێژی لاوان و ژنان، بەهادان بە بواری پەروەردە و ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و کۆمەڵێک بابەتی دیکە، کە لە یادەوەریی مێژووی زێڕینی کۆماردا بە زیندوویی ماونەتەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتییەکەی هەوڵی دروستکردنی ڕووداویان داوە. کڕۆکی ئەم ڕووداوانەش جیاوازبوون لە شێوازەکانی ڕابردووی خەبات. جیاوازییەکی پشتبەستوو بە ڕەگەزی نوێخوازی و بەرۆژکردنی پرۆسەی خەبات، لە هەمان کاتدا، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی گەش بوو بە ڕووی ئایندەدا.

پەروەردەکردنی جەماوەری کوردستان بە هەست و بیری نەتەوەیی و ئاراستەکردنی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس، جەوهەری خەباتی حیزبی دێموکراتە. ئەم جەوهەرەش لە گوتاری کوردبوون و شوناسخوازیدا خۆی وێنا کردووە. پێمانوایە ئەم گوتارەش، بەرنامە و هێڵە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی لەسەر بنیات نراوە. سەنگ و پێوانەکانی نرخاندنی ئەم ڕاستییەش لە دووتوێی مێژوو و قۆناغەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا دیار دەکەوێت. پرسی نەتەوە لە چەمک و ناوەرۆکدا، پرسی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کوردە لە خۆرهەڵات. لە ئاستێکی گشتیتریشدا، پرسی چارەسەرنەکراوی هەموو نەتەوە بندەست و مافخوازەکانی جوغرافیای ئێرانە. جەخت کردنە سەر مافی نەتەوەیی، مانای هەرە نزیکی ئەم گوتارە وێنا دەکات کە پێمان دەڵێت، کوردستان بە شێوەی سیستماتیک بە کۆلۆنی کراوە و هەوڵدان بۆ ڕزگاری و تێپەڕبوون بەرەو قۆناغی ئازادی، ئاسۆی ڕوانینمان بەرفراوانتر دەکات. دەستەبەرکردن و دواجار مسۆگەربوونی مافی نەتەوەیی، بە هەموو پێوەرە سیاسی، ئیداری، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، ڕوانگەی گشتیی حیزبی دێموکراتە و ئەمەش تەنیا لەسەر ئیرادە و ویست و داخوازیی نەتەوەی کورد لە خۆرهەڵات ڕایی دەکرێت. ئەوەی جەختی لەسەر دەکەینەوە، ناوەرۆکی ئەم مافەیە و قەوارە و فۆرمەکەی گرێ دراوە بە هەلومەرج و فاکتی نێوخۆیی و دەرەکییەوە و پێمان وایە کە لە هەلومەرجی هەنووکەییدا، سیستمێکی دێموکراتیک و فیدراڵ بۆ نهادینەکردنی ئازادی و بەختەوەری و دێموکراسی و مافی نەتەوەیی پێکهاتەکانی پێکهێنەری ئەم جوغرافیایە پێویستە، ئەمەش بەندە بە یاسایەکی دێموکراتیک و ئەمرۆیی کە هاوکێشەی ناوەندە – پەراوێز هەڵبگرێت و کەرامەت بۆ نەتەوەکان بگەڕێنێتەوە و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان دەستەبەر بکات.

**حیزبی دێموکرات و کردەوەی شۆڕشگێڕی**

لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە تا ئێستا، لەو ساتانەی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە لەنێو زیندان و تاریکخانەکان، لەژێر پەتی سێدارە و ڕەشەکوژی، لە دەربەدەری و ئاوارەییدا بوون تا ڕاپەڕین، لە ساتەکانی ڕاپەڕینی پڕشنگداری ٤٦-٤٧؛ لە قۆناغەکانی خەباتی شاخ و بەرگریی شار؛ لە ساتەکانی سەر شەقامەکان و مانگرتن و بەرەنگارییەکان، ئەوەی بە میرات بۆ حیزبی ئێمە و نەتەوەکەمان بەجێماوە، کردەوەی شۆڕشگێڕی، بەرگری، لەخۆبردوویی و گیانفیدایی کادر و پێشمەرگە، ئەندام و لایەنگر لە شار و شاخ و هەندەران بووە. ئەمەش ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەیە کە حیزبی ئێمەی کردووە بە هێمای حیزبی نەتەوەیی و جەماوەریی چین و توێژەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، حیزبێک کە بەرامبەر بە دوو ڕێژیمی خوێنمژ و دژە مرۆڤ وەستاوەتەوە. بە درێژایی ژیانی سیاسی و قۆناغە سەختەکانی، حیزبەکەمان بۆ ساتێکیش بووە لە چالاکی و خەبات سڵی نەکردووە، دێر بە دێری مێژووەکەی لە وەرزە زێڕینەکانی خەباتدا تۆمار کراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەنگاوەکانی پتەوتر کردووە. لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، بە ڕاگەیاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، وەک قۆناغێکی نوێی خەبات، بەرەو ئەزموونێکی نوێ و ڕوانگەیەکی نوێ هەنگاوەکانمان پتەو کرد.

ڕاسانەوەی ئەم جارە، لە دەقی گۆڕانکارییەکانی ناوچە و ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستاندا بیچمی گرت. ڕۆژهەڵاتی نوێ، ئاماژە و خوێندنەوەیەکی دیکە بوو بۆ دۆخی هەنووکەیی ڕۆژهەڵات؛ هەر بۆیە ئەم قۆناغە نوێیەی خەبات بە دروشمی گرێدانی خەباتی شار و شاخ هاتە کایەوە. ڕوانگەیەکی هەمە لایەنە و فرەڕەهەند کە تیایدا جەخت دەکرێتە سەر دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارەتیی خەبات بە سەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا. لەگەڵ ئەمەشدا پێمانوایە کە گوتارێکی نوێ و ئەمرۆیی دەتوانێت میکانیزمی ئەم لێکگرێدانە بێت. ئەویش گوتارێکی نەتەوەیی هەمەگیرە کە جیاوازییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکان لێک گرێ بدات؛ مانا بە ڕەفتار و کردارمان بدات، هاوچارەنووسی وەربگێڕێتە سەر هاوخەباتی و ڕۆژهەڵات ببێت بە هێزێکی تۆکمە، یەکگرتوو و شوێندانەر.

لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، هەوڵمان ئەوەیە کە خەباتێکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە بەڕێوە ببەین. بۆشایی جێ نەهێڵین و هەموو دەرفەت و تواناکان بخەینە گەڕ و هەوڵی بەهێزترکردنی ڕۆژهەڵات بدەین کە دواجار ئەوە هێزە کە یەکلاکەرەوەیە. باوەڕی قووڵمان بە تەبایی، بوونی گوتاری هاوبەش و زمانی هاوبەش هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە کە ئەو دیوی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە، ڕوانگەیەکی کراوە و دێموکراتیکە، هەر بەم دیدەشەوە دەڕوانینە داهاتووی ڕۆژهەڵات و دۆخی ئێستای خەبات.

پێمانوایە کە دەبێ فەزایەک لەسەر بنچینەی متمانە و باوەڕبوون بە هێزی خۆ پێکبهێنین کە لەودا، ئەو هێز و لایەنانەی کە باوەڕیان بە مافی نەتەوەیی و ئازادی و پرەنسیپەکانی دێموکراسی هەیە، پرۆسەیەک لە خەباتی هاوبەش بنیات بنێن؛ چ لە پێوەندی لەگەڵ ناوماڵی کورد و چ لە ئاستی ئێراندا.

**لێرەوە و لەم بۆنە پیرۆزەدا، سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان، بەتایبەت شەهیدانی ڕێبەرمان.**

**سڵاو دەنێرم بۆ بنەماڵەی ڕووسووری شەهیدان، زیندانییانی سیاسی و قارەمانانی خۆڕاگریی نێو چاڵە ڕەشەکان.**

**سڵاو لە ئیرادەی پۆڵایینی پێشمەرگەی کوردستان لە شار و لە شاخ.**

**سڵاو لە خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان.**

**نەبوونی ئازادییەکان، بێ دەرەتانی، بێ مافی، هەوڵی پەراوێزخستن و دواجار تواندنەوەی مێژوو و شوناسی کوردی لە لایەن دەسەڵاتە بێبەزەیی و دژەمرۆییەکانی ناوەندەوە، بوونەتە هەوێنی خەباتێکی دوورودرێژ کە بە هەزاران هەزار شۆڕشگێڕی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە و قۆناغ بە قۆناغ، وێڕای کەندوکۆسپ و هەوراز و نشێوی زۆر، ڕێی کردووە و تا دێت لە ئاسۆی سەرکەوتن نزیکتر دەبێتەوە**

**حیزبی دێموکرات، لە خەڵکە و بۆ خەڵکە؛ نەتەوەخوازی و دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەی، ڕێڕەوی سەرەکیی خەباتەکەیەتی. دێموکراسی و بەهاکانی، پرەنسیپی نەگۆڕی بووە؛ پێکەوەژیانی دڵخوازانە، هاوخەباتی و دۆستایەتیی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان و لایەنە ئازادیخوازەکان، بنەما سەرەکییەکانی خەباتەکەی بووە**

**لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، هەوڵمان ئەوەیە کە خەباتێکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە بەڕێوە ببەین؛ بۆشایی جێ نەهێڵین و هەموو دەرفەت و تواناکان بخەینە گەڕ و هەوڵی بەهێزترکردنی ڕۆژهەڵات بدەین کە دواجار ئەوە هێزە کە یەکلاکەرەوەیە**

# حەسەن شەرەفی:

# نە دڵمان بە ئیسلاحتەڵەبی و ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا بەستووە، نە پشتمان بە هیچ هێزێکی دەرەکی، تەنیا میللەتی خۆمان و خەباتی خۆمان

**دەقی وتەکانی بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**خوشک و برایانی ئازیز**
**هاوڕێیانی تێکۆشەر**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ٧٤ ساڵ بەسەر تەمەنی حیزبە تێکۆشەرەکەمان تێپەڕ دەبێ؛ بەو بۆنەوە بەناوی ڕێبەرایەتی حیزبەوە، پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕۆڵە خەباتگێڕەکانیی کورد و ئازادیخوازان بە گشتی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی دەکەم.

٧٤ ساڵ لەمەوپێش، بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزووتنەوی کورددا، حیزبێکی سەردەمیانە، حیزبێک کە هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە بۆ وەدیهاتنی مافی نەتەویی کورد بە تایبەتمەندی دێموکراتیکەوە هاتە کایەوە.

بۆ ئێمە ڕێبوارانی ڕێبازی ئەو حیزبە، جێگای شانازییە، شانازی بۆ ئەوی لە ڕیزی حیزبێکداین کە هەم هەوڵدەری وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتییە و هەم تایبەتمەندی و خەسڵەتی دێموکراتیکی هەیە؛ ڕەنگە ئەگەر لە دنیای ئەمڕۆدا حیزبێک دابمەزرێ بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک تەنانەت بە تایبەتمەندی دێموکراتیکەوە، زۆر ئاسایی بێت بەڵام ٧٤ ساڵ لەمەوپێش حیزبێک بۆ ڕزگاری کورد و بۆ ئازادی کورد و کوردستان پێ بنێتە مەیدانی خەبات ئەویش بە تایبەتمەندی دێموکراتیکەوە ، زۆر گرینگە و بە حەق جێگای شانازییە بۆ ڕێبواران و ئەوانەی لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئەو حیزبەدان.

لە ماوی ئەو ٧٤ ساڵەدا، حیزبی دێموکرات ڕێگایەکی دوورو درێژی لە خەبات بڕیوە. زۆر سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە کە لە لووتکەی ئەو سەرکەوتنانەدا دامەزرانی کۆماری کوردستانە؛ زۆر هەوراز و نشێوی بڕیوە، زۆر ئازاری دیوە، تێکۆشەرانی ڕەنجی زیندان و دەردی دایک و باوکانی ڕۆڵە ئێعدام کراوان و ئاوارە بوون و هەرچی تەسەور دەکرێ لە ڕەنج و لە ئێش و ئازار، ڕۆڵەکانی تێکۆشەری ئەو حیزبە بەخۆیانەوە دیوە و تاقیان کردۆتەوە، بەڵام جێی شانازی ئەویە کە هیچ یەک لەوانە نەیانتوانیوە ڕووی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە داخوازە نەتەوایەتییەکان و دێموکراتیکەکانیان وەرگێڕێ . نەیتوانیوە حیزبی دامەزرێنەری کۆمار پێی لە خەبات و گەیشتنەوە بە ئامانجەکانی کۆمار و ئامانجەکانی نەتەوی کورد، ڕزگاری کورد و کوردستان شل نەکردووە؛ ڕەنگە ئەو خەسڵەتەی دامەزرێنەرانی، ئەو زەروورەتەی دامەزرانی و ئەو ڕێگا دوورو درێژەی کە پێواویەتی بەڵام قەت لەحزەیەک لە خەبات نەوستاوە، بە گرانترین قیمەت و گرانترین هەزینەی گیانی خۆشەویستانی ڕەمزی مانەوەی ئەو حیزبەیە و ئەگەر تابلۆیەک تەسویر بکرێ لە حیزبی دێموکرات ئەوەندە خۆشی و ناخۆشی، ئەوندە سەرکەوتن و ئەوندە ڕۆژانی تاڵ لەخۆ دەگرێ کە بۆ بینەری جێگای سەرسوورمانە.

جێگای سەرنجە دامەزرێنەری ئەو حیزبە پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی ئایینی بوو، ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوو، بەڵام قەت لە کۆمەڵەی ژێکافدا هەستی ئایینی بەسەر هەستی نەتەوایەتیدا زاڵ نەکرد. لەوش بەولاوەتر ئەو کەسایەتییە ئایینییە کە ئەندامی حیزبێکی نەتەوەیی تا رادەیەک ئایینی بوو دەیگۆڕێ دەیکاتە حیزبێکی نەتەوەیی دێموکراتیک کە ئەوە دوورئەندێشی، وردبینی، سەردەمناسی پێشەوا قازی محەممەد دەگەیەنێ.

لە ڕەوتی ئەو هەموو ساڵەدا ڕەمزێکی دیکەی مانەوی ئەو حیزبە خۆنوێکردنەوەی بوو؛ ئەگەر پێشەوا قازی محەممەد حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دامەزراند، دوکتور قاسملوو پاش کۆمار، کۆی کردەوە، بووژاندییەوە، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەردەم و دێموکراتیک رازاندییەوە و دوکتور سەعید پارێزەری ئەو ئیعتماد و خۆشەویستییە بوو کە حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا وەدەستی هێنابوو و ئێستاش ئەرکی یەک یەکی ئێمەیە ئەو خۆشەویستییەی ئەو حیزبە بپارێزین و ئەو ئیعتمادە بپارێزین کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەو حیزبەی هەیە.

سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەری ئەو حیزبە، لە دوکتور قاسملوو بوژێنەرەوەی ئەو حیزبە، لە دوکتور سەعید پارێزەری تایبەتمەندییەکانی ئەو حیزبە و هەموو شەهیدانی حیزبەکەمان و ڕزگاری گەلەکەمان.

گۆڕەپانی تێکۆشانی ئێمە کوێیە؟ کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران. ئێران وڵاتێک کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتووە، ناوچەیەک کە بۆخۆی زەمینەی کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتی تێدایە. شوێنی نیشتەجێبوونی چەندین نەتەوەی جیاوازە کە بەشێک لەو نەتەوانە خاون دەسەڵاتن، خاون مافن، بەشێکیان بێ کیان و بێ دەسەڵات ماف پێشێلکراون کە ئەوە هەمیشە لە ناوچەدا ناتەباییەک دروست دەکات و زەمینەی کێشە ئامادە دەکات.

بێجگە لەوە شوێنی نیشتەجێبوونی پەیڕەوانی چەندین ئایینە کە سێ ئایینی هەرە گەورەی دنیا کە پەیڕەوانیان لەو دنیایەدا یەکجار زۆرە، لەو ناوچەیە سەریهەڵداوە کە ئەوانیش لەگەل یەکتر ناتەبان؛ هەر ئایینێکیش چەندین ئایینزای لێبۆتەوە کە ئەوانیش لەگەڵ یەکتری ناتەبان. بۆیە ئەو ئیشارە دەکەم چونکە لە دنیای ئەورۆ هەموو مەسەلەکان لێکگرێ دراون و بە جورێک پێک مەربووتن و تەئسیر لەسەر شتەکان دادەنێن؛ ئەگەر ئەو وەزعە ئەوشی پێ زیاد بێ کە بەرژەوەندی زلهێزەکان، تەماحی ئەوان لە سەروەت و سامانی ئەو ناوچەیە، لە نەوت، لە ئاو، لە کانگای ژێرزەمینی، لە بەرهەمی سەرزەمینی، بێتە کایەوە دەبینین ناوچەیەکە کە بۆخۆی دەکولێ، جا ناوچەیەکی ئاوا هەستیار وەختێک ڕێژیمێکی لێ پەیدا دەبێ وک کۆماری ئیسلامی ئێران کە خولقێنەری ئاژاوەیە، خولقێنەری قەیرانە، لەگەڵ ڕۆحی سەردەم ناتەبایە، دووژمن داتاشە ئەو وختە دەبینی ئەو ناوچەیە ئەو وزعە بەخۆیەوە دەبینێ کە ئێستا ئێمە دەیبینین. بەڵام ئەو قەیرانانەی کە کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیەدا خولقاندوویەتی بەرۆکی خۆشی گرتۆتەوە، لە قەیرانی ئابووری بگرین، لە فەساد و لە دزی، لە سەرکوت و زیندانی کردن، لە ئێعدام، لە بێمافکردنی نەتەوەکان، لە هەڵاواردنی پەیڕەوانی ئایینەکان، هەموو ئەوانە تایبەتمەندییەکن کە ئەو ڕێژیمەی نەک لەگەڵ دنیای سەردەم جیا دەکاتەوە بەڵکوو دەبێتە هۆکاری خولقاندنی قەیرانێکی ئاوا کە ناوچەکە بەدەستیەوە پێوە بوون.

دوژمن داتاشە، دەبینین لە دەوروبەری خۆی کەم وڵات هەیە کە کێشەی لەگەڵی نەبێت یا لەگەڵی نامۆ نەبێت، لە دوورتریش هەروا! ئێمە لە پێوندی لەگەڵ ئێراندا وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دڵمان بە هیچ ئیسلاحپەزیرێک، تەغیرو تەحەولێکی ئەساسی، ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی ئازادی خەڵکی ئێران و دابین بوونی مافی نەتەوەکانی ئێران نەبەستووە، لەبەرامبەریشدا پشتمان بە هیچ پشتیوانییەکی دەرەکی لە هیچ شەرایەتێکدا نەبەستووە، تەنیا پشتمان بە خەڵکی خۆمان، بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەستووە، بەڵام ئەوەش دەزانین چەندی کۆماری ئیسلامی ئێران لاوازبێ، ئەوندە دەرەتان و مەیدانی خەبات بۆ ئێمە لەبارترە، چەندە فشار لەسەر ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بێتە سەری ڕێگای حەرەکەتی ئێمە بۆ پێشەوە هەموارترە؛ بەڵام ئەوە تەنیا وکوو هۆکاری دەرەکی سەیر دەکەین.

کەوابوو نە دڵمان بە ئیسلاحتەلەبی و ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا بەستووە نە پشتمان بە هیچ هێزێکی دەرەکی، فەقەت میللەتی خۆمان و خەباتی خۆمان.

ئێمە کە بۆخۆمانین، خەباتی خۆمان بەڕێوە دەبەین، تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان لە هەر بڕگەیەکدا حیزبی ئێمە لە رابردووشدا نوێبوونەوی بەخۆیەوە دیوە حەرەکەتێکی گەشترو تازەتری هێناوەتە کایەوە؛ ئێستاش ئەبزاری ئێمە، کەرەستەی ئێمە لەو مەقتەعەدا شوێندانەربوونی حیزبەکەمانە، بەتوانابوونی حیزبەکەمانە، ئەوەیکە نزیک بە سێ ساڵ لەمەو پێش راسان بۆ ئەو مەبەستی شوێندانەربوون و بەتوانا بوونە راگەیەندرا.

مەبەستمان لە راسان کە بە لێکگرێدانی خەباتی شاروشاخ تەعبیر دەکرێ چییە؟ مەبەست ئەوەیە کە خەباتەکەمان هەمەگیر بێ، گشتگیربێ، زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هی خۆیان بزانن و تێیدا بەشداربن و ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە کە دەبێ لە هەموو ڕەهەندەکاندا هەنگاو بەرەوپێش بنێین، ماومانە، دیسان ماومانە! بەو مەبەستەیە کە هیچ ڕۆڵەیەکی دڵسۆز و تێکۆشەری کورد چاوەڕوانی نەبێ بەڵکوو وەدیهێنەری چاوەڕوانی بێ. لە هەرجێیەک کە هەیە، لەسەر هەرکارێکە، لە هەر شەرایەتێکدا دەژی، لە قەدەر خۆی، لەو شۆڕشەدا بەشدار بێ و لە پەنا ئەوەشدا سیاسەتی یەکگرتووی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش ، ئەوانەی وک ئێمە مافپێشێلکراون، لە ڕەوتی ئەو شوێندانەری و بەتوانابوونەدا حیسابی بۆ دەکەین چونکە ئەگەر شوێندانەر بین، بەتوانا بین، بەهێزبین، لە عەینی حاڵدا یەکگرتووبین، هەر دەرفەتێک دەس بدا بەباشی دەقۆزرێتەوە، بەرهەمێکی زیاتری لێدەکەوێتەوە، ئەگەر شەرایەت و هەلومەرج بە پێچەوانە هەڵگەڕا، بە دڵی ئێمە نەبوو زیان و خەساری بەرەوڕوو کردین، دەتوانین پێشی پێبگرین، بە شوێندانەری و بەتوانایی و بەهێزی و بەیەکگرتوویی یان ئەگەر زیانهێنەر و خەسارەتهێنەریش بوو بەلانیکەمی بگەیەنین. ئێمە لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەوساڵدا کە وەزعی ئێران جۆرێکی دیکەیە بە نیسبەت ساڵانی پێشوو، پێوندی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ وڵاتان جۆرێکی دیکەیە بەنیسبەت پێشوو، ئێمە هەموو ئەوانە لێک دەدەینەوە، بەخۆشییەوە تا ئێستاش لەو ٧٤ ساڵەدا حیزبی ئێمە هەڵەیەکی سیاسی وا گەورەی نەکردووە بۆی پڕ نەبێتەوە، قەرەبووی نەکریتەوە، و ئێستاش کە شەرایەتەکە حەساسترە، هەستیارترە و لەسەر وەزعی کورد بە گشتی و ئێمە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ڕێژیمەکە لە هەموو بارێکەوە لە ژێرفشاردایە، دەبێ هەر ئەو دیقەت و وردبینییە کە تایبەتمەندی ئەو حیزبەی بووە دیسان بەکاربێ بۆئەویکە هەر دەرفەتێک وەک خۆی ببینین، هەر مەترسییەک وەک خۆی ببینین. لەو ڕۆژەدا وێڕای پیرۆزبایی لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی ئازادیخواز و دێموکرات دەناسن پیرۆزبایییەکی تایبەتی لە کادروپێشمەرگەی ئەو حیزبەی، لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبەی، کە ئەرکی قورسی شوێندانەربوون و بەتوانا بوون و دەورهەڵگر زیاتر لە جاران تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە ئەستۆ گرتووە. بەش بەحاڵی خۆم دڵنیام، تا خەڵکی کوردستان لەسەر ئامانج و ئاواتەکانیان سوورن، تا خاوەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو هەموو پێداگری لەسەر ئامانجەکانیان و خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی داخوازەکانیاندان، ڕۆژێک بەو ئاواتە دەگەن و حیزبی دێموکراتیش تا خاونی ئەو سیاسەتە دروستە بێ تا خاونی ئەو ڕۆڵە تیکۆشەرو قارەمان و فیداکارانە بێ، تا خاوەنی پشتیوانی گەرمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ، نەهایەتەن حەرەکەتەکەی بەرەو گەیشتن بە ئامانج و بەرەو سەرکەوتنە.

**ڕێگا بدەن سڵاو بنێرین بۆگیانی پاکی پێشەوای نەمر دامەزرێنەری ئەو حیزبە خۆشەویستە و ئەو حیزبە تێکۆشەرە**

**بۆ گیانی پاکی دوکتور قاسملوو کۆکەرەوە و بوژێنەرەوە و ڕازێنەرەوی بەرنامەو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بۆ ڕۆحی پاکی دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هەموو شەهیدانی ڕێبازی دێموکرات لە هەر مەقتەعێک لە خەباتی ئەو حیزبەدا**

**سڵامەتی بۆ ئێوە، سەرکەوتن بۆ ئەو حیزبە و بۆ ڕێبوارانی ڕێبازی دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە و بۆ گیانی پاکی هەموو ئەندامانی وەدیهێنەری ئەو حیزبە**

**ئێوش لەش ساغ بن، بەتەمەن بن و مەودای خزمەتێکی زۆرتر لەو حیزبەدا و لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئەو حیزبەدا بە نەسیب بێ**

**سپاستان دەکەم**



> **حیزبی دێموکرات تا خاوەنی ئەو سیاسەتە دروستە بێ تا خاوەنی ئەو ڕۆڵە تیکۆشەر و قارەمان و فیداکارانە بێ، تا خاوەنی پشتیوانی گەرمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ، نەهایەتەن حەرەکەتەکەی بەرەو گەیشتن بە ئامانج و بەرەو سەرکەوتنە**

> **ئەگەر پێشەوا قازی محەممەد حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دامەزراند، دوکتور قاسملوو پاش کۆمار، کۆی کردەوە و بووژاندییەوە، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەردەم و دێموکراتیک رازاندییەوە و دوکتور سەعید پارێزەری ئەو ئیعتماد و خۆشەویستییە بوو کە حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا وەدەستی هێنابوو و ئێستاش ئەرکی یەک یەکی ئێمەیە ئەو خۆشەویستییەی ئەو حیزبە بپارێزین و ئەو ئیعتمادە بپارێزین کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەو حیزبەی هەیە**

# کورد هیچی نییە بیدا بە کۆماری ئیسلامی...!

میرۆ عەلیار

بەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی وتووێژی حیزبە کوردستانییەکانی ئەندامی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بە بەرەکەتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، خەڵکێکی زۆر بە شێوەی جۆراوجۆر بیر و بۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەو بابەتە دەربڕی.

ئەگەر هێرش و بێڕێزی و تۆمەتلێدانەکانی لێدەرکەین، بەشداریکردنی خاوەنبیران و ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە باسەکەدا یارمەتییەکی بەنرخی داوە بە دەوڵەمەندکردنی پرسی وتووێژ بەگشتی و بەرچاوڕوونیی زیاتر بە حیزبەکان بەتایبەتی.

یەک لەو بۆچوونانەی کە سەرنجی ئەمنی زۆر ڕاکێشا ئەوە بوو کە گوترابوو «... کورد هیچی نییە بیدا بە کۆماری ئیسلامی» و لەوەڕا بەو ئاکامە گەیشتبوو کە «وتووێژ تەسلیمبوونە»!

سەرفینەزەر لەوەی ئەورۆ کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە دەیان هەزار ژن و پیاوی لێهاتوو و خوێندەوار و پێگەیشتووی هەیە کە ئەگەر لە حکوومەتێکی ئاساییدا ڕێگای بەشداریی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێرانیاندا پێبدرێ، سەروەت و سامانێکی گەورەی ئینسانین و دنیایەک یارمەتی بە بووژانەوە و بەرەوپێشچوونی وڵات دەدەن، ئەو بۆچوونە کە «کورد هیچی نییە بیدا بە کۆماری ئیسلامی»، نادروستە. ڕێژیم هەموو جینایەتێکی دەرحەق بە کورد تاقی کردۆتەوە، بۆیە ڕەنگە بڵێین کورد شتێکی وای بۆ لەدەستدان نییە، بەڵام چارەسەرکردنی پرسی کورد زۆر ئیمتیازی گەورەی بۆ حکوومەتی ناوەندی هەیە و هەر دەوڵەتێک لە تاران دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت و پرسی کورد چارەسەر بکا، زۆر دەسکەوتی گرینگ بۆ ئێران دابین دەکا.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی چل ساڵە بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵ دەدا کورد سەرکوت بکا و وەک ڕێژیمێکی توتالیتێر و ئیدئولۆژیک، تەنیا بیر لە پاراستن و مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا دەکاتەوە و زەرفییەتی چارەسەرکردنی پرسی کوردی نییە و لەو چل ساڵەدا ڕێژیم پرسی وتووێژی وەک ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردنی پیلان دژ بە کورد بەکارهێناوە نەک بۆ چارەسەریی پرسی کورد، بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە.

هەروەها، هیچ نیشانەیەکیش بەدی ناکرێ کە کۆماری ئیسلامی لە سیاسەت و کرداری خۆی بەرامبەر بە کورددا، ئاڵوگۆڕی پێکهێنابێ.

کەوایە لێرەدا مەبەست کۆماری ئیسلامی نییە، مەبەست دەوڵەتێکی بەرپرسیار و تێبینە کە بەرژەوەندیی ئێرانی بەلاوە گرینگە و فارس گوتەنی: «دغدغە منافع ملی ایران»ی هەیە.




حکوومەتێکی ئەوتۆ بە چارەسەرکردنی پرسی کورد دەتوانێ زۆر دەسکەوت بۆ ئێران دابین بکا:

بە چارەسەرکردنی پرسی کورد یەکێک لە گرینگترین و لەمێژینەترین کێشەکانی ئێران یەکلا دەبێتەوە. یارمەتی یەکلاکەرەوە دەکا بە دابینبوونی ئەمنییەت و سەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا.

چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕێگە خۆش دەکا بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوە بندەستەکانی دیکەش و یارمەتییەکی زۆر دەدا بە دابینبوونی یەکێتیی دڵخوازانە و هاوپێوەندیی قایمی نێوان گەلانی ئێران. ئەو سیاسەتە، بەبێ پەنابردن بۆ شەڕ و سەرکوت و جینایەت، یەکێتیی خاکی وڵاتیش دەستەبەر دەکا.

**چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕێگە خۆش دەکا بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوە بندەستەکانی دیکەش و یارمەتییەکی زۆر دەدا بە دابینبوونی یەکێتیی دڵخوازانە و هاوپێوەندیی قایمی نێوان گەلانی ئێران. ئەو سیاسەتە، بەبێ پەنابردن بۆ شەڕ و سەرکوت و جینایەت، یەکێتیی خاکی وڵاتیش دەستەبەر دەکا**

کۆمەڵگای ئێران هەنگاوێکی گەورە لە وەدیهاتنی دێموکراسی نزیک دەکاتەوە.

ڕەوایی سیاسی دەدا بە حکوومەت لە نێوخۆ و بەرامبەر بە دەرەوەدا. ئیعتبار و پرێستیژی سیاسیی ئێران لە ناوچە و دەرەوەی ناوچە دەباتە سەرێ.

لە ململانەی ناوچەیی و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێگە و هەڵوێستی ئێران بەهێز و قایم دەکا.

بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێراندا، حکوومەت قووڵایی ستراتێژیکی بەهێز و پایدار و دڵخوازانە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ خۆی دابین دەکا. بەپێی هەموو مەنتقێک، مەرج و بنەمای پێوەندیی سالم و متمانەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بە یەکێک لە ڕێژیمەکانی چوار وڵاتەکە، سیاسەت و هەڵوێستی ئەو ڕێژیمەیە بەرامبەر بە پرسی کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا.

ئێستا هیچ کوردێک لە هیچکام لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بڕوا و متمانەی بە ئێران نییە. کۆمەڵێک فاکتەری دیکە پێوەندیی نێوان ئێران و نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکە دیاری دەکەن و ئەو پێوەندییە سەقامگیر و دەوامدار نییە.

ڕێژیم ساڵانە پارە و ئیمکاناتی سەرسووڕهێنەر بۆ سەرکوتی کورد و جووڵانەوەکەی تەرخان دەکا. بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسەکە، هەموو ئەو هەزینانە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.

**ڕێژیمەکان دەزانن کە پرسی کورد بەگشتی، سنووری چوار وڵاتەکەی بڕیوە و بۆتە پرسێکی گرینگی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و کەوتۆتە نێو هاوکێشەکانی ناوچەوە کە بە پیلانگێڕیی و بە هێزی نیزامی ڕەنگە بتوانن ڕەوتەکە بۆ ماوەیەک خاوبکەنەوە و لێرەولەوێ کۆسپی بۆ دروست بکەن، بەڵام ناتوانن پێش بە پرۆسەکە بگرن و بیوەستێنن**

بە لە پەڕاوێزخستن و هەڵاواردنی کوردستان لە بواری ئابووریدا، تەنیا کورد زیان نابینێ بەڵکوو حکوومەت خۆشی لە سەروەت و سامان و بەرهەمەکانی کوردستانی «بالقوە» دەوڵەمەند، بێبەش دەکا.

لە باری مەزهەبییەوە، بە چارەسەرکردنی پرسی کورد و گەلانی ستەملێکراوی دیکە لە ئێراندا کە زۆربەیان سوننەمەزهەبن، ئێران ئیعتبار و نفووزێکی یەکجار زۆر لەنێو دنیای ئیسلام و گەلانی سوننەمەزهەب، بۆخۆی دەستەبەر دەکا.

بۆیە، کاتێک لە مەسەلەکە ورد دەبینەوە، دەردەکەوێ کە حیزبە کوردستانییەکان دەتوانن لە مەوزەعی هێزەوە وتووێژ بکەن و ئەگەر وتووێژێک بێتە گۆڕێ و سەرنەکەوێ، حکوومەت زیاتر زەرەر دەکا هەتا کورد، ڕێژیم دۆڕاوی پرسەکە دەبێ.

**حیزبە کوردستانییەکان دەتوانن لە مەوزەعی هێزەوە وتووێژ بکەن و ئەگەر وتووێژێک بێتە گۆڕێ و سەرنەکەوێ، حکوومەت زیاتر زەرەر دەکا هەتا کورد، ڕێژیم دۆڕاوی پرسەکە دەبێ**

لە هەمووی گرینگتر: لە خەبات دژی ڕێژیمی حاکم، حیزبە کوردستانییەکان هێزێکی لەشکاننەهاتوو و یەکلاکەرەوەیان لە پشتە، ئەویش پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

کۆماری ئیسلامی زۆر باش ئەوە دەزانێ.

با خۆمان و جووڵانەوەکەی خۆمان وەک هەیە واقیعبینانە ببینین، لە هەموو لایەنەکانی پرسەکە وردبینەوە و تەنیا لە ڕوانگەی فاکتەری هێزی نیزامییەوە خوێندنەوەی بۆ نەکەین. کورد بە دەستی بەتاڵەوە ناکەوێتە وتووێژەوە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی.

کورد بڕوای بەخۆی و ئامانج و هێزی خەڵکی خۆی هەیە، حەتمەن دەبێ وشیار بێ بەڵام بە «اعتماد بنفس»ـەوە بەرەنگاری ڕووداو و پرسە سیاسییەکان، یەک لەوان پرسی وتووێژ، بێتەوە.

کۆماری ئیسلامی چل ساڵە بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو چەکێکی بەردەستی بۆ بێدەنگ و سەرکوتکردنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان و ئاسمیلەکردنی کورد هەوڵی داوە و بە هیچکوێ نەگەییوە.

پێوەنان نییە ئەگەر بڵێین کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئەورۆ لە هەمووکاتێک بێزراوترە و دوای چل ساڵ نەیتوانیوە هیچ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان بۆ خۆی دەستەبەر بکا.

لە لایەکی دیکەوە، هەستی نەتەوەیی خەڵک لە گەشەسەندنی بەردەوامدایە و ئاڵای خەبات هەروا شکاوەیە و پرسی زەروورەتی یەکگرتن و یەکهەڵویستبوون و هاوکاریی حیزبەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێتە قەناعەت و باوەڕ و زیاتر گرینگیی پێدەدرێ. ئەو ڕەوتە گەڕانەوەی بۆ نییە.

لەوەش بەولاوە، ڕێژیمەکان دەزانن کە پرسی کورد بەگشتی، سنووری چوار وڵاتەکەی بڕیوە و بۆتە پرسێکی گرینگی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و کەوتۆتە نێو هاوکێشەکانی ناوچەوە کە بە پیلانگێڕیی و بە هێزی نیزامی ڕەنگە بتوانن ڕەوتەکە بۆ ماوەیەک خاوبکەنەوە و لێرەولەوێ کۆسپی بۆ دروست بکەن، بەڵام ناتوانن پێش بە پرۆسەکە بگرن و بیوەستێنن.

مەبەست ئەوەیە کە هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی حکوومەتی ناوەندی هان بدا یان ناچار بکا داوای وتووێژ لەگەڵ کورد بکا.

سەرفینەزەر لەوەی ئامانجی ڕێژیم لە وتووێژ چییە، وتووێژ لە خەباتی ڕزگاریخوازدا بەشێکە لە سیاسەت و ستراتێژیی هەر حیزب و لایەنێک. گرینگ ئەوەیە کەنگێ و چۆنی دەکەی و چەندە لایەنی بەرانبەرت دەناسی؟

کورد دەبێ وشیار، یەکگرتوو و بە بڕوابەخۆبوونی تەواوەوە خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرچەشنە ڕووداوێک ئامادە بکا.

جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بەشێوەی «بالقوە» لە هەموو بارێکەوە زۆر بەهێزە. ئێمە بە هەموو لایەکمانەوە دەبێ تێبکۆشین بە یەکگرتوویی و پلان و ستراتێژیی هاوبەشی واقیعبینانەوە ئەو هێزە «بالقوە»یە بکەین بە هێزی «بالفعل». گومانی تێدا نییە سەرکەوتوو دەبین.

# پانتایی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

زەردەپەڕ

ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو بەشێک لە کوردستان لە هەموو شۆڕشە کوردییەکاندا بە تاک و تاقم، خۆبەخشانە بەشداریی کردووە. لە ڕاپەڕینەکانی باشوور و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا تاکوو ئێستە بە گیانی نەتەوەییەوە پشتیوانی دۆزی کورد لەو بەشانەدا بووە.

کاتێ قسە لە ستراتێژی دەکەین خەبات دەبێ لە قووڵایی ئەو بەشەدا بنج دابکوتێ. واتە باشوور لە قووڵایی کۆمەڵگای خۆی، باکوور و ڕۆژئاوایش هەر وەتر. هەر بۆیە زاراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ستراتێژیدا، دەبێ بە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

ئەمە بە واتای دابڕان و دژایەتیی بەشەکانی تر نییە و لە گیانی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە بە دوورە. ڕۆژهەڵات لە هەموو ڕاپەڕین و کارەساتەکاندا بە پێی ڕەوشتی نەتەوەیی جووڵاوەتەوە.

لە ستراتێژیی خەبات بۆ ڕۆژهەڵات چەند ڕەهەند دەبێ خەسارناسی بکرێت و لێک بدرێتەوە. کە دەڵێین خەباتی ڕۆژهەڵات، واتە خەبات بۆ پانتایی جوگرافیای سروشتی و مرۆڤیی ڕۆژهەڵات.

ئەمە بە دروشم ناکرێ بەڵکوو چەند پێش مەرجی پێویستە:

**یەکەم؛** هێزی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژهەڵات و بۆ ڕۆژهەڵات ڕێک بخرێت.

**دووەم؛** ناسنامەی نەتەوەیی بنەمای ڕێک خستنەکە بێت و لایەنێکی تایبەت بۆی نییە خۆی بە خاوەنی خەبات بزانێ. پێش مەرجی دووەم بۆ دەربازبوون لە خێڵەکی بوون و ناوچەگەرایی زۆر پێویستە.

بە وتەیەکی تر نابێ ڕیزی خەبات ڕەنگ دانەوەی ئەقلییەتی خێڵەکی بێت. کرمانج و سۆران و هەورامی و لەک و کەلهوڕ و یان ئەندامان و هۆگرانی لایەنە سیاسییەکان لە سەنگەرێکدا بۆ ناسنامەی کوردبوونی خۆیان خەبات دەکەن.

کاتێ لە کۆمەڵگای کوردستاندا خەباتی کوردی لە هەموو ڕەهەندەکاندا پەرەی سەند، ئەوسا ماشینی پیشەسازی کەلتووریی داگیرکەر کە حکوومەتی ئێران بێت، لە گەڕ دەکەوێ. پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و کۆڕ و کونگرەبەستن بۆ داگیرکەر بەرهەمێکی ئەوتۆی نابێ. لێرەدا پرسیارێ دێتە گۆڕێ کە خەباتی چەکداری لە کوێی بەرەی خەباتی ڕۆژهەڵاتدا جێ دەگرێ؟

بە پێچەوانەی بانگەوازی دەستوپێوەندە ڕیفۆرمیستە کوردەکان و هەندێ لایەنی دژ بە بەرەی نەتەوەخوازیی کوردستان، خەباتی چەکداری هۆکاری مانەوەی ناسنامەی کوردستانییە.

جەماوەری کوردستان بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات گیانی تازەیان کرایە بەر کە ئەمە بەرپرسیارەتیی بەشداربووانی ڕاسان قورستر دەکات. ئەگەر لە پاساوە خێڵەکییەکانی خەباتی چەکداری تێپەڕین کە هۆکاری دەست بە چەک بوون بۆ زۆرکاریی ناوەند و چەوسانەوەی کوردستان دەگەڕێنێتەوە، ئامانجی خەبات بە گشتی مافی سیاسیی کوردستانە.

کاتێ داگیرکەر بە هەموو هێزیەوە دەیهەوێ کورد لە خۆیدا بتوێنێتەوە، ئەگەر نەیتوانی، بە کوشتن و بڕین لەگەڵ کورددا دەجووڵێتەوە، کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافی پێویستی سیاسیی خۆی کە ئامانجە درێژخایەنەکەی بە دەوڵەت بوونە، بێ گومان دەبێ لە بەرەی خەباتدا پێکهاتەیەکی چەکداریی تۆکمە و گشتگیر لە خۆ بگرێت.

شۆڕشە کوردییەکانی پێشوو لە ناوچەیەکدا ڕووی دەدا، ئەمە نیشاندەری لێکدابڕانی ناوچە و خێڵە جیاوازەکانی کوردستان بوو.

بەڵام - بە دوو پێش مەرجی پێشتر وتراوەوە- ڕادەگەیەنرێت کە پانتایی خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاگرییەوە تا لوڕستانە، بەو واتایە دێت کە کۆمەڵگای ئەو پانتاییە لە دینامیسمێکی نەتەوەییدا ورووژاون. ئێرە خاڵی دەستپێکە و نابێ حیماسەی خێڵەکی بوون ستراتێژی و پلانمان لەپێش چاو ون بکات.

دیارە دەبێ پلان هەبێت. ڕادەی هێزی کوردستان و لە بەرانبەردا داگیرکەر، لە بەرچاو گیرابێت. ئەگەری مەترسی و تێچوو لێکدرابێتەوە.

ئاسۆی خەباتی چەکداری، ئامانجی سیاسی دیاریی دەکات. سا تا دەستەبەرکردنی ئامانجی سیاسی، خەباتی چەکداری نەک درێژەی دەبێت، چڕتر و بەرینتر دەکرێتەوە.

کوردستان

# ٧٤ ساڵ خەبات لە پێناو مافی نەتەوایەتیی، ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

ناسر ساڵحی ئەسڵ

بەشی دووهەم

لە کۆتاییەکانی دەیەی چلی هەتاوی و لە ئاستی جیهانیدا، شەڕێکی سارد لە نێوان دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا لەئارادا بوو و هەرکام لە جەمسەرەکانی ئامریکا و یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و پەرەپێدانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان هەوڵیان دەدا. لە هەمان کاتدا لە بەشێك لە وڵاتانی جیهاندا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان، بە شێوەی خەباتی چەکدارانە بۆ دابینکردنی مافە سەرەکییەکانیان لەئارادا بوو. لە قارەی ئاسیا شەڕی ڤیەتنام و چەندین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان بە شێوەی خەباتی چەکدارییە لەئارادا بوو. نێوانی وڵاتی چین بە ڕێبەریی مائۆ لەگەڵ وڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو زۆر ئاڵوز ببوو. لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینی لە ئورووپا، ئالێکساندر دوبچێك وەك سەرۆکی حیزبی کومۆنیستی چێکۆسلۆڤاکی، بنچینەی بەهاری پراگی دادەڕێژێت و لە فەڕانسە بزووتنەوەی خوێندکاریی لە ساڵی ١٩٦٨ پاشەکشەی بە دووگوڵ سەرکۆماری ئەو کاتی ئەو وڵاتە کرد. لە ئەمریکای لاتین جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی چەکداریی شکڵیان گرتبوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا شەڕی ٦ ڕۆژەی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بە سەرکەوتنی وڵاتی ئیسرائیل کۆتایی پێهات. لە وەها بارودۆخێکدا ڕێژیمی حەمەڕەزا شای پەهلەوی، بناغەی دەسەڵاتی ڕەشی دیکتاتوری خۆی قایمتر کردبوو. هەروەها ڕێژیمی حەمەڕەزاشا بە هۆی پوڵی زۆری فرۆشی نەوت، تووشی نەخۆشیی خۆبەزلزانین ببوو و بە تەواوەتیی خۆی لێ گۆڕابوو. بە هۆی پوڵی زۆر و زەوەندی نەوت، شا توانی تازەترین و باشترین چەکوچۆڵ بکڕێت و ئەرتەشێکی بەهێزی دامەزراند. هەر بۆیە ڕێژیمی حەمەڕەزا شا ببوو بە ژاندارمی کەنداو و ئیدعای دەکرد کە ئێران دوورگەی ئارامییە لە ناوچەی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. لە وەها بارودۆخێکدا هیچ دەرەتانێك بۆ خەباتی سیاسیی و مەدەنی لەو سیستمە سەرەڕۆ و دیکتاتورییە حەمەڕەزاشا لە ئێران و کوردستاندا بوونی نەبوو. تەنانەت مێهدی بازرگان سکرتێری نێهزەتی ئازادی لە بەردەم دادگای نیزامیدا لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاویدا دەڵێ:» ئێمە دواین کەسانێکین کە لە ڕێگای یاساییەوە خەباتی سیاسی دەکەین». لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دەسەڵاتی ڕەشی بێ سنووری ساواك و ژاندارم، ژیانی ئاساییان بە خەڵکی کورد لە شار و گوندەکان تاڵ کردبوو. گوشار و سەرکوتی ساواك بۆ ڕاوەدوونان و گرتن و زیندان و ئێعدامی چالاکانی سیاسی، نیشانەیەکی دیکەی داخرانی ڕێگاکانی خەباتی ئاشتیخوازانە بوو؛ هەر بۆیە خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بیریان لە شێوازی تازەی خەبات دەکردەوە کە ئەویش خەباتی چەکدارانە بوو. بە تایبەت کە کەشوهەوای جیهانیش کە تێیدا گوتاری شۆڕشگێڕی و خەباتی چەکدارانە زاڵ بوو، هاندەرێکی دیکە بوو بۆ ڕاپەڕین و جووڵانەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.



لە وەها بارودۆخێکی ئاڵۆزدا، حەمەڕەزاشای پەهلەوی لەژێر گوشار و ئامۆژگاری جان ئێف کنێدی سەرکۆماری ئەوکاتی ئامریکا و هەروەها سەرکۆوەزیری ئێران «عەلی ئەمینی»، دەستی کرد بە هێندیك چاکسازی لەژێر ناوی «شۆڕشی سپی» لە ئاستی ئێراندا و سیستمی دەرەبەگایەتی هەڵوەشاندەوە. هەر بۆیە خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باشووری

> **ئەورۆ تۆفانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتووە، کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەوەیکە تەنیا ڕێگای ڕزگاری، دەستدانە چەک و وەشاخ کەوتنە. بەڵکوو ڕێگای ڕزگاری هەموو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوەکان هەر ڕێگای ڕاپەڕینی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارتیزانی کە لە پێشدا لە دێهاتەوە دەست پێ بکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جووتیار و تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە ....**

کوردستان، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی ڕاپەڕینی خەباتی چەکدارانەیە و بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی گرینگ لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ زیندووکردنەوەی ڕێکخستنەکانی حیزب لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان پێکهێنا. لەگەڵ گەرمبوونی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ڕێژیمی حەمەڕەزاشا هیچ پێگەیەکی لە کوردستانی ئێراندا نییە و «شۆڕشی سپی» شا، هیچ قازانج و دەسکەوتێکی خۆشبژێوییی بۆ خەڵکی کورد بە دیاری نەهێناوە و دەرەبەگەکان هەر وەك جاران خەڵکی زەحمتکێش دەچەوسێننەوە و کێشە سیاسی و نەتەوایەتییەکان چارەسەر نەکراون، خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ زیندووکردنەوە و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان ڕوویان لە شاخەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد و مەشخەڵ و چەخماخەی جووڵانەوەیەکی چەکدارانەیان هەڵگیرساند. کاك سمایلی شەریفزادە لە دووتوێی نامەیەکدا بۆ شەهید دوکتور قاسملوو ئاوها دۆخی کوردستانی ئێران شرۆڤە دەکا و دەنوسی: « ئەورۆ تۆفانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتووە، کۆمەڵانی خەڵك هاتوونەتە سەر ئەوی کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری دەستدانە چەك و وەشاخ کەوتنە. بەڵکوو ڕێگای ڕزگاری هەموو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوەکان هەر ڕێگای ڕاپەڕینی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارتیزانی کە لە پێشدا لە دێهاتەوە دەست پێ بکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جووتیار و تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە ....». جووڵانەوەی چەکدارانەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی ١٣٤٦-٤٧ی هەتاوی کە لە سەر یەك ١٨ مانگی خایاند، ئەم جووڵانەوە چەکدارییە یەکەم چەخماخەی سەرهەڵدانی چەکدارانەی خەباتگێڕانی کورد، لە دژی دەسەڵاتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ئێران و کوردستان بوو. لە واقیعدا ئەو جووڵانەوە چەکدارییە بڕگەیەکی زێڕین لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. هەروەها ئەو جووڵانەوە چەکدارییە بڕگەیەکی پرشنگداریی مێژوویی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە ڕابردوو و ئێستای بزوتنەوەی میللی — دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێکەوە گرێ دەدا. خاڵێکی گرینگ کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیەکە، بەپێچەوانەی هێندێك بۆچوونی چەواشەکارانە، جووڵانەوەی پرشنگداری خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٦-٦٧ی هەتاوی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە هەموو پێوەرێك، خەباتێکی ئامانجدار و ڕەوا بوو. چونکە ئامانجی ئەو جووڵانەوەیە دابینکردنی مافی نەتەوایەتی کورد لە ئێرانی ئەو کاتدا بوو و ڕەواش بوو، چونکە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەموو مافێکی لێ زەوت کرابوو. هەروەها بیرلێکراو وخەڵکی بوو چونکە پێشتر خەباتی ئاشتیخوازانە بە شێوەی خەباتی مەدەنی لە سەردەمی کۆماری کوردستان تاقی کرابۆوە، بەڵام بەداخەوە دیتمان کۆماریان بە هێرشی نیزامی ڕووخاند و بێڕەحمانە پێشەوا و هاوڕێیانی لە سێدارە دران, هەروەها خەڵکی بوو چونکە هەم بەرهەمی ڕاپەڕینی ڕۆڵە ئازا و چاونەترسەکانی گەلی کورد بوو و هەم لە لایەن خەڵکی کوردەوە پشتیوانی لێدەکرا. ڕاستە ئەو جووڵانەوە چەکدارییە بە ئاکام نەگەیشت، بەڵام شوێندانەری و کاریگەری ئەو جووڵانەوە شکۆدارە لە سەر نەوەی دواتر بە ڕادەیەك بوو کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بە هەزاران لاو بە ئیلهام وەرگرتن لە خەباتگێڕانی جووڵانەوەی چەکداریی ٤٦-٤٧ی هەتاوی، چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتییان کردە شان. ڕاپەڕین و ڕاسانەوەی شکۆداری خەباتی چەکدارانە، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات چالاکییەکی بەربڵاوی سیاسیی و نیزامیان هەبوو، کاریگەری خۆی لە سەر کۆمەڵگای کوردستان لە بواری سیاسیی، هەستی نەتەوایەتیی و بە تایبەت لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبیشدا بەجێهێشت. لە بواری ئەدەبییەوە بە سەدان شێعر و پەخشان و ڕۆمان لە وەسفی ئەو شۆڕشگێڕانەدا هۆنراوەتەوە و ئەدەبیاتی بەرگری فۆرمی گرت. لە لایەکی دیکەوە چونکە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئامانج و ویستەکانی خۆیان لە نێو ئامانج و ویستەکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی حیزبی دێموکراتدا دەدی، بە تەواوی پشتیوانی ڕاپەڕینی جووڵانەوەی چەکدارانە بوون. خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی بوو بە تیشکاوێژی خەباتی دواڕۆژ و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانی بە زیندوویی ڕاگرت و ڕەگ و ڕیشەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بە زیندوو ڕاگرت. هەر چەند کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، پشتی جەبهە و ئیمکاناتی باشیان بە دەستەوە نەبوو بەڵام توانیان بەربەرەکانێیەکی قارەمانانە لە خۆیان نیشان بدەن و ماوەی ١٨ مانگ ئاڵای خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی بەرز ڕاگرت. ئەگەر ئەو جووڵانەوەی چەکدارییە پشتیوانی کرابایە و ئیمکانات و پشتی جەبهە هەبووایە بەدڵنیاییەوە دەیتوانی ماوەیەکی زیاتر لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و زەبری کاریگەرتر لە پەیکەرەی ڕێژیمی پاشایەتی بدا.

ئەگەرچی زۆربەی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی جووڵانەوەی چەکدارانە وەك: شەهیدان سلێمان موعینی، سمایل شەریفزادە، عەبدوڵڵا موعینی، مەلائاوارە، نەحۆی شکاك، مەلا ڕەحیم وێردی، مەلا مەحموود زەنگەنە و دەیان کادر و پێشمەرگەی قارەمانی دیکە، شەهید بوون، بەڵام خەبات و تیکۆشان درێژەی کێشا و شانە و ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروا بەردەوام مانەوە لە کار و تێکۆشان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا. هەروەها پاش ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی، ڕێژیمی حەمەڕەزاشا هێرشی بەربڵاوی کردە سەر خەڵکی کوردستان و بە سەدان کەسی دەستبەسەر کرد. چەندین پێشمەرگەی قارەمان بە فەرمانی تیمسار ئوەیسی جینایەتکار لە پادگانی جەلدیان ئێعدام کران، کە وەك پەڵەیەکی ڕەش بە مێژووی پڕ لە جینایەتی ڕێژیمی پەهلەوییەوە دەمێنێتەوە.

ئەو ڕاپەڕینەی نزیکەی هەژدە مانگی خایاند و پاش بەکارهێنانی سەرکوت و توندوتیژییەکی کەموێنە لە لایەن ڕێژیمی شاهەنشاهییەوە و شەهیدبوونی دەیان کادر و پێشمەرگەی قارەمان دامرکایەوە، پاش گەڕانەوەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی بۆ کوردستانی عێراق بە مەبەستی بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و داڕشتنی بەرنامەو ئەساسنامەی حیزب، بۆ یەکەم جار پاش کونگرەی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بوو بە خاوەن بەرنامە و ئەساسنامەیەکی شیاوی هێزێکی پێشکەوتنخواز و مۆدێرن. خاڵێکی گرینگی دیکەی مێژووی پڕ لە سەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەڕانەوەی بەشێك لە ڕێبەرایەتی ڕاستەقینەی حیزب کە ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور قاسملووی نەمر لە پێشەوەیاندا بوو لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی کۆمیتەی زاگرۆسدا نوختەوەرچەرخانێکی مێژوویی لە مێژووی پڕ لە سەروەری حیزبی دێموکراتدایە.

یاد و ناوی دوکتور قاسملووی نەمر هەروا درەوشاوە و بەرز و پیرۆز بێت.

## ٢٨ی گەلاوێژ سەرەتای توتالیتاریزمی ئیسلامی لە ئێران

ژیلەمۆ

لە ڕۆژژمێری مێژووی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و فتوای بەدناوی خومەینی لەمەڕ هێرش بۆ سەر کوردستان، دەکرێ وەك سەرەتای دەسەڵاتگرتنی توتالیتاریزمی ئیسلامی لە ئێراندا سەیری بکرێت.

دەسەڵاتی ناوەندی پاش شۆڕشی ئێران لە دوو لایەن پێکهاتبوو:

١. کەسانی تێکنۆکرات کە بە گشتی باوەڕی دینییان هەبوو، بەڵام وەك نوێنەری دینیی کۆمەڵگای ئێران هەڵسوکەوتیان نەدەکرد

٢. کەسانی ئایینی کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بوون وەك نوێنەری ئایینیی کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێران هەڵسوکەوتیان دەکرد. بەر لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتی ناوەندیدا تێکهەڵچوون ڕووی دابوو. لەم تێکهەڵچوونانەدا کوردەکان، یا وەك شەڕی ٢٣ ڕۆژەی سنە ڕووبەڕووی لایەنی تێکنۆکراتی نێو دەسەڵاتی ناوەندی ببوونەوە یان وەك شەڕی نەغەدە لەگەڵ گرووپێکی دەمارگرژی ناوچەیی بەڵام بە دنەدانی ڕێبەرانی ئایینی سەر بە دەسەڵاتی ناوەندی کە پێشتر هاوکاری نیزیکی ساواک بوون، تووشی شەڕ ببوون. لایەنی تێکنۆکرات هەڵسوکەوتی کەمتر توندوتیژی بۆ چارەسەری دۆزی کورد هەڵبژاردبوو. گرووپە دەمارگرژە ناوچەییەکانیش بە تێکهەڵچوون لەگەڵ کوردەکان بەدوای دزێوپیشاندانی دۆزی کورد و وەرگرتنی ڕەوایی لە دەسەڵاتی ناوەند بوون. بەڵام لە ٢٨ی گەلاوێژدا خومەینی، گەورەجەلـلادی سەدە، ڕاستەوخۆ لە دژی دۆزی کورد هەڵوێستی گرت.

خومەینی لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا وەك کەسی یەکەمی ئەو شۆڕشە دیاری بکرێت بەڵام لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی لایەنی ئایینی ناو شۆڕشی دەکرد و فتوای جیهادی ئەو، وەك یەکەم کەسی لایەنی ئایینی، بەرەوڕووبوونەوەی لایەنی دووهەمی نێو دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و داخستنی دەرگای هەرچەشنە دیالۆگێك لەمەڕ دۆزی کورد لە کوردستانی ئێراندا بوو.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەر دوو لایەنی نێو دەسەڵاتی ناوەندی و زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی ناوەندی ئێران خوازیاری ئەوە بوون کە دۆزی کورد لە ئێران بە دۆزێکی مەترسیدار لەقەڵەم بدەن و بە ئاقارێکی پڕ لە توندوتیژیدا بەرن، لە ڕاستیدا دوو لایەنی ناو دەسەڵاتیش بە جۆرێك ئاستی دەسەڵاتی خۆیان لە بەرامبەر یەکتردا تاقی دەکردەوە؛

هەر بۆیەش دەکرێت فتوای خومەینی لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا وەك سەرەتای داسەپانی دەسەڵاتی لایەنی ئایینی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا دیاری بکرێت. لایەنێك کە دواتر دەسەڵاتێکی توتالیتێری ئیسلامی لە ئێراندا دامەزراند؛ هەر ئەم مەسەلەش تێڕوانینی کلاسیک لە دیاردەی توتالیتاریزمی سڕییەوە کە پێی وابوو توتالیتاریزم دیاردەیەکی تەواو ڕۆژئاواییە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئورووپا هاتە ئاراوە و لە شکڵ و شێوازگەلی فاشیزم، بۆلشویزم و نازیسم خۆی نواند. بەپێچەوانەوە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و دەرکردنی فتوای خومەینی بەدژی کورد خۆی بوو بە بەڵگەیەک لەمەڕ ناڕاست بوونی ئەم ئیددعایە و دەری خست کە لە هەر شوێنێکی دنیا هەلومەرجی هاوشێوەی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی ئامادە بێ، بوار بۆ سەرهەڵدانی توتالیتاریزمیش خۆش دەبێ. خاڵێکی دیکەش کە دەکرێ وەک نوختەی وێکچوونی دەسەڵاتە توتالیتێرەکانی جیهان سەیر بکرێت بریتییە لەوەیکە لە هەموویاندا حیزب یان تاکێکی دیاریکراو حاکمە، ئیدیۆلۆژییەکی پەسندکراوی ئەو تاکە یان ئەو حیزبە دەرەتانی گەشەکردنی هەیە، تاکی دەسەڵاتبەدەست بە کەڵکوەرگرتن لەو دەسەڵاتە ڕەها کە هەیەتی هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی هەموو قوژبنێکی ژیانی تاکەکان دەدات و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵک لە ئامرازی زۆر و توندوتیژی وەردەگرێ.

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی ٤٠ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و وەبیرهێنانەوەی ئەو نوختە وێکچووانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، زیاتر دەردەکەوێ کە ٢٨ی گەلاوێژ سەرەتای توتالیتاریزمی ئیسلامی لە ئێرانە و هەر ئەمەش بووە ڕێچکەیەک بۆ پەلهاویشتنی زیاتری ئەم دیاردە بۆ ناوچە و تەنانەت جیهانیش.

# بۆ دەسەڵاتسپێریی سیاسی ؟

ئیبراهیم لاجانی

بۆ دابین و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا مەرجێکی بنەڕەتییە. چونکە دێموکراتیزەبوونی ئێران، ڕێگا بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران دەکاتەوە تا چالاکانەتر لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بن و تێکۆشن ماف و ئازادییەکانی خۆیان پراکتیزە بکەن، بەڵام ئەوە بەتەنیا بەس نییە.

ئێمە وێڕای پێداگرتن لەسەر دێموکراتیزەکردنی ئێران، پێویستە هەر لە ئێستاوە لەسەر ئەوەش پێداگرینەوە کە لە یاسای بنەڕەتی نوێی ئێراندا،هەموو ئەو ماف و ئازادییانە بە ڕەسمی بناسرێن کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ کەمایەتییە میللی و مەزهەبی و فەرهەنگییەکانی پەسندی کردوون.

هەرچەند لە ئێرانی فرەگەلدا، دێموکراسی و دیسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی دەبێتە دەستەبەرێک بۆ تێکشکاندنی دیکتاتۆری، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاستییە وەبەرچاوبگرین کە زۆرجار دێموکراسی لە کردەوەدا دەبێتە دیکتاتۆری و تیرانیی زۆرایەتی، ئەودەم باشتر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەستەبەرکردنی مافە میللییەکانی گەلانی ئێران لە دەستوری ئەو وڵاتەدا، دەبێتە گەرەنتییەکی بەهێزتر بۆ پیادەبوونی ئەو مافانە.

لەوەش زیاتردابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتە ئیجرائی و قەزاییەکان و قانوون داناندا لەلایەک و پێکهێنانی باڵانس لە نێوانیاندا بەجۆرێک کە سەربەخۆیی یەکتر نەخەنە ژێر هەڕەشە لەلایەکی دیکەوە، مەرجێکی دیکەیە بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی گەلانی ژێرچەپۆک بۆ شەریکایەتی عادڵانە لە مافی حاکمیەتی میللیدا.

بەو حیسابە ئەوانە هەموو مەیدانی کاروتێکۆشانی تێکۆشەرانی کوردن لە ئێستا و داوڕۆژدا، تا بزووتنەوەی کورد بەهێزتر بێت و لە ئاستی سەرانسەریشدا بتوانێ پتر کاریگەر بێت، باشتر دەتوانێ لەو مەیدانانەدا مانۆڕ بدات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی وایە کە ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزمی ناوچەیی و دەسەڵات ئەسپێریی سیاسیی، واتە (Regional auotonomy and political devolution) دەتوانێ ماف و ئازادییە میللی و ئەساسییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و باقی گەلانی دیکەی ئەو وڵاتە، دابین و دەستەبەربکات. ئەزموونی سەدساڵەی ڕابردوو ئەوەی دەرخستووە کە ئەو مۆدێلە لە دەوڵەتداری و حاکمیەتکردن کە ئێستا لە ئێراندا هەیە و لەسەر ئەساسی حاشاکردن لە مافەکانی گەلانی ئێران دامەزراوە، ئیدی نەک هەر بە ئامانجەکانی نەگەییوە و نەیتوانیوە مەوجودیەتی فەرهەنگی و میللی و سیاسی گەلانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە بە قازانجی دەستەوتاقمی فەرمانڕەوا لەنێو بەرێ، دەسەڵاتی جەهەننەمی خۆی بەسەر خەڵکیدا سەپاندوە، فاکتەرێکی دیکەی عەینییە کە یارمەتی بە چوونە پێشی ئەو سیاسەتە دەکات. ئەوە کە تێکرای خەڵکی کوردستان بەپیر بانگەوازی حیزبی ئێمە و باقی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە دێن و مانگرتنی سەرتاسەری بەڕێوە دەبەن، نیشانەی ڕاستی و دروستی ئەو سیاسەتەیە کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا گرتوویەتە پێش.

لەبەر ئەوەی تا ئێستا دێموکراسی لە ئێراندا نەبووە و تاقی نەکراوەتەوە، هیچ بەڵگەیەکی مەحکەمە پەسندمان نییە کە نیشان بدات گەلی کورد نەتوانێ لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا، زەبروزەنگە نەمێنێ و دێموکراسی دابین بکرێ، ئێمەی کورد نەتوانین پێکەوە بە ئاشتی و تەبایی دەگەڵ گەلانی دیکەی وڵاتەکەمان بژین.

ئەگەر ڕۆژێک کوردستانی ئێران لە ئاکامی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە و قوڵبوونەوەی دێموکراسی لە ناوچەکەدا لە داهاتوودا، ئەو شانسەی بۆ هەڵکەوێت لە چوارچێوەی کوردستانێکی یەکگرتووی گەورەدا دەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان یەکبگرێتەوە، ئەوە ئەودەم بە جیابوونەوە بە حیساب نایە و لەڕاستیدا وەک وەسەریەک کەوتنەوەی نیشتمانی پارچەپارچەکراوی کوردان لەقەڵەم دەدرێ. لەغەیری ئەوەدا ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد نەتەوەیی. (self-defense).

بۆیە ئەو ڕێگایە تەنیا کاتێک بەجێ و ڕەوایە کە بۆ خۆپاراستن لە بەرانبەر توندوتیژیی دەوڵەتی و جینۆسایدا هەڵبژێردرێ. دەبێ بگوترێ کە هەزینە و تێچووەکەشی زۆرەو ڕێگاکەی بەنێو دەریای خوێن و فرمێسکی خەڵکدا تێدەپەڕێ. دەلیلێکی دیکەشمان هەیە بۆ لایەنگریی چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا. هەموو هەوڵی ئێمە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستان ئەوەیە میللەتەکەمان بەو ماف و ئازادییانە بگات کە لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکاندا بۆ هەموو ئینسانەکان بەڕەسمی ناسراون. ئەگەر هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لە دەستوری ئێراندا دەستەبەربکرێن و لەهەمان کاتدا لە قانوونی ناوچە فیدراڵی و ئۆتۆنۆمییەکانیشدا دەستەبەر بکرێن، بێ گومان ئەوە گەرەنتییەکی زیاتر درووست دەبێت بۆ پیادەبوونی ئەو ماف و ئازادییانە. ئەوەش بە قازانجی خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرنامەی خۆیدا دڵێ هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ یا خودموختاری کوردستاندا دابین دەکرێن. ئاخر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیگەرانی ئەوەشە کە لە ناوچە میللییەکاندا، کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دێنەدەر، تاقمێکی مافیا و ملهۆڕ و دواکەوتوو سواری شەپۆلەکان بن و کەرامەت و ژیان و ماف وئازادییەکانی خەڵک بخەنە ژێرپێ وفیدای قازانج و بەرژەوەندییە تایفی و عەشیرەتی و حیزبییەکانی خۆیانیان بکەن.

بۆیە دەستەبەرکردنی مافە میللی و فەرهەنگی و سیاسی و مەدەنییەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە قانوونی ئەساسی نوێی ئێراندا، واتە لە دەستووردا، ئەو ئیمکانە پێک بێنێ کە گەلی کورد تەزمینێکی دیکەشی هەبێت کە باشتر دەستی بە مافەکانی خۆی ڕابگا. هەروەها بەشداری کورد لە دامەزراوە سیاسی و قەزایی و قانوونییەکانی ناوەندیدا، دەرفەتی ئەوە پێک دێنێ کە لە ئاستی دەوڵەتی مەرکەزی و حکومەتی فیدراڵیشدا، گەلی کورد بتوانێ بە قازانجی خۆی شوێن لەسەر بڕیارەکان و پرۆسەی سیاسەتدانانی کەڵان دانێ.

یەک مەسەلەی دیکەش زۆر گرنگە ئەویش لەگۆڕێدابوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی چالاک و کاریگەرە. بەبێ هەبوونی جامعەیەکی مەدەنی ئازا و بوێر وچالاک، هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە کە دەسەڵات و بازاڕ و هەیئەتی سیاسی، بێ گوێدانە ماف و ئازادییەکانی خەڵک ئەسپی خۆیان لینگ دەن. مەیدانێکی دیکەش بۆ تێکۆشانی ئێمە پێویستە بریتی بێت لە کارکردن لەسەر ناوەندەکانی بڕیار لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا کە فشار بخەنە سەر دەوڵەتەکانی ناوچە تا لە پێوەندیی دەگەڵ چارەسەری کێشەی نەتەوەکان و کەمایەتییەکاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا، نەرمتر بجوڵێنەوە و هەنگاوی کارا هەڵگرن.

لە غەیری ئەوەدا ئەو ناوچەیە ئەمنیەت و ئاسایش و پەرەسەندن و هەڵدانی ئابووری بەخۆوە نابینێ. لەو پێوەندییەشدا دیپلۆماسی کورد پێویستە کاراو جیددی و یەک دەنگ بێت. نەبوونی گەروویەکی هاوبەش و زمانێکی کاریگەری دیپلۆماسی کە قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و کەمایەتییەکانی دیکەی ناوچەکە بەرێتە پێشێ، زیان بە مەسەلەکە دەگەیەنێ و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تووشی سەرلێشێواوی دەکات. پێکهێنانی هەندێک دامەزراوی ناوچەیی کە بتوانن مافی کەمایەتییەکان وگەلانی بندەست لە ناوچەکەدا و لە ئاستی دەوڵەتەکاندا بەرنە پێشێ، دەتوانێ بە هەنگاوێکی کاریگەر لەو ڕێگایەدا بە حیساب بێت.

بەڵکوو پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشی بە دواوە نەبووە و ئێستا بۆتە هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی سیاسی و جوغرافیایی ئەو وڵاتەش.

بۆیە دێموکراسی و سیکۆلاریزم، دابەشکردنی حاکمییەتی میللی، دەسەڵات ئەسپێری سیاسی و ئۆتۆنۆمی ناوچەیی دەتوانن وەک ئەڵتێرناتیو بۆ وەزعی ئێستا بکرێنە بەرنامەی کارو خەبات و تێکۆشان. بەرەیەکی دێموکراتیکی سەرانسەری دەتوانێ هەموو گەلانی ئێران بەرەو ئەو ئامانجە سیاسییانە مۆبیلیزە بکا. بێزاریی کۆمەڵانی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی و ئەو هەژاریی و مەینەتبەشییەش کە ڕێژیم بە درێژایی کە مافەکانی لە یاسای ئەساسی ئەو وڵاتەدا دەستەبەرکراین، شان بەشانی گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران لە ئاشتی و ئەمنیەت و ئاسایشدا بژی.

هێنانە گۆڕی داخوازی جیابوونەوە تەنیا کاتێک ڕەوایە و بە گوێرەی عورف و یاسای نێونەتەوەیی دەکرێ بەرگری لێبکرێ، کە بەڵگەو سەنەدی ئەوەمان بەدەستەوە بێت کە ئێمە بەهۆی ئەو ئەزموونە تاڵەی لە مێژوودا دەگەڵ گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران هەمانە، ئیدی پێکەوەبوونمان مەحاڵە و ناتوانین لە ئاشتی و ئارامیدا پێکەوە هەڵکەین. ڕاستە ئەزموونی تاڵمان لە دەوڵەتی ناوندیی هەیە و بێوچان لە ژێر سەرکوت و زەبروزەنگدا بووین، بەڵام هیچ دەلیلێک نییە کە ئەگەر ئەو سەرکوت و لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا باشتر دەستەبەردەبن تا جیابوونەوەی ئەوبەشەی کوردستان بەتەنیا.

دەبێت بگوترێ کە مافی دیاریکردنی چارەنوس ماناو لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت؛ بەڵام هیچ کات بەتەنیا بەمانای جیابوونەوە نایەت. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە نەتەوە و کەمایەتییە بێدەوڵەتەکان مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان لە نێوخۆی ئەو وڵاتانەدا هەیە کە ئەوان لەنێویدا دەژین. لە عورف و حقوقی نێونەتەوەییدا زۆرتر باس لە جیابوونەوە وەک دواچارە و ئاخرین ڕێگاچارە دەکرێ، واتە وەک ڕێگایەک بۆ دیفاع و بەرگری لە مان و مەوجودیەتی فیزیکی و فەرهەنگی و



# سووتانی زاگرۆس، سووتانی کوردستانە

شەماڵ تەرغیبی

کێیە کە نەزانێت هەموو ساڵێك دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان لە لوڕستان و ئیلامەوە بگرە تا دەگاتە کامێران و پاوە و مەریوان و سنە و بۆکان و سەردەشت لەنێو ئاگردا دەسووتێن و حاشا لە دانان و دارشتنی پلانێك لە لایەن حکوومەتەوە بۆ پێشگیری و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم کارەساتە سرووشتییە دەکرێ؛ نەتەنیا پێشگیری دەکرێ بەڵکوو هەوڵە مەدەنی و خەڵکییەکانیش بۆ پیشگرتن لە بەفیڕۆچوون و سووتانی ئەم سامانە سرووشتییە دەچنە خانەی دژایەتی لەگەڵ نیزام و بەستراوەبوون بە بێگانە و هەوڵدان بۆ تێکدانی تەناهی نیشتمانی! کاتێکیش کە لێپرسراوانی ڕێژیم لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە دێنە گۆ بێ یەک ودوو دەڵێن دوو هۆکاری سەرەکی بۆ گرگرتنی دارستانەکان بوونی هەیە: یەکەم هۆکارە ئینسانییەکان و گوێنەدانی خەڵکانی ناوچە و گەشتیاران بە ئوسوولە ئیمنییەکان و دووهەم هۆکارە سرووشتییەکان کە بەهۆی کەم ئاوی و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما دێتە ئاراوە و هیچی لەگەڵ ناکرێ! بەڵام شایەتحاڵان، چالاکانی ژینگەپارێز و خەڵکانی ئەو هەرێمە بەربڵاوەی کە لە ئاگردا دەسووتێت و ئێمە بە زاگرۆس دەیناسین، هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنانە بە سرووشتی وێنا ناکەن، بەڵکوو ئەم کارە بە کارێکی ڕێکخراو و ئامانجدار دەزانن و قامکیان بۆ لای کاربەدەستان و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم ڕادەکێشن. ڕێژیمێك کە تەنیا شتێك بەلایەوە گرینگ نییە و ئاوڕی لێ ناداتەوە، بەرژەوەندیی خەڵکانی نیشتەجێ لە زاگرۆسە و بەپێچەوانەشەوە ئەوەیکە بۆیان گرینگە و لە سەرەتی کارەکانیان دایانناوە بریتییە لە سڕینەوەی تەواوی ئەو ناوچانە لە «ژیان».

ئەنجومەنی سەوزی چیا لە زنجیرە هەواڵێکی تایبەت کە لە کاناڵی تێلێگرامی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە سەبارەت بە ڕێژەی ئاگرگرتنی دارستانەکان تەنیا لە ناوچەی مەریوان و دەورووبەری ئاشکرای کردووە کە تەنیا لە ماوەی ٤٠ ڕۆژدا (سەرەتای پووشپەڕ تا ١٢ی گەلاوێژ) لانیکەم ٤٠ ناوچە و گوندی ئەم دەڤەرە ئاگر دراون؛ ناوی ئەم شوێنانەی کە بوونەتە نێچیری ئاگرەکان و بە هەوڵی چالاکانی ژینگەپارێزی ئەم ناوچە و خەڵکانی نیشتەجێ لەم گوندانە توانیویانە کۆنترۆڵی بکەن بەم چەشنەیە: دارئەسحەو گۆشخانی (٣١ی جۆزەردان)، چاڵی سوور و سێ ڕای ڕەشەدێ ( لەق لەقان) و بالک، (١ی پووشپەڕ)، نژمار و ئەسراوا (٢ی پووشپەڕ)، شارانی (٣ی پووشپەڕ)، نێ (٦ی پووشپەڕ)، دارستانی سێ ڕای ڕەشەدێ ( لەق لەقان) (٧ی پووشپەڕ)، دزڵی و بەیەڵە و کانی دینار (٨ی پووشپەڕ)، ئاواییەکانی باخان و کۆڵیت (١١ی پووشپەڕ)، کۆساڵان (١٢ی پوشپەڕ)، ئەسراوا »بەهەشت موستەفا» (١٦ی پووشپەڕ)، دارستانەکانی پشت ئاوایی نێ »کەل سیاناو» و دارستانەکانی کانی دینار»پارک جەنگەڵی» (١٧ی پووشپەڕ)، سەردۆش «دوڵەبێ» و دارستانەکانی دەرەتفێ» نزارە ڕەش» و هەردی فەیلەقووسی پشت شاری مەریوان (٢٠ی پووشپەڕ)، شت گەرەکی چوارباخی مەریوان (٢١ی پووشپەڕ)، دارستانەکانی وشکەڵان(٢٣ی پووشپەڕ)، ئاواییەکانی سێف ژوروو و دەمەیۆ و سەولاوا (٢٧ی پووشپەڕ)، ئەسراوا (٣٠ی پووشپەڕ)، «هەوار ژوونی» و دارستانەکانی دووپلوورە (٤ی گەلاوێژ)، دەمەیۆ (٦ی گەلاوێژ)، هەڵیزاوا و پیرخێران و لاوێسان و بەرقڕوو (١١ی گەلاوێژ) بالک (١٢ی گەلاوێژ).



ئاگرتێبەردانی دارستان و لێڕەوارەکانی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس هەموو ساڵێک دەبێتە هۆی لەنێوچوونی چەند هەزار هێکتار لە ڕووبەری دارستان و لێڕەوارەکانی زاگرۆس، هەرچەند کە تا ئێستاش ئامارێکی ورد سەبارەت بە ڕێژەی زەرەر و زیانەکان بڵاو نەکراوەتەوە بەڵام ئەوەیکە ئاشکرایە ئەوەیە کە سرووشتی جوانی کوردستان لە نێو ئاگردا دەسووتێت و ئەوانەی بۆ ڕزگارکردنی ئەم سرووشتە دەچنە شەڕی ئاگر و گەرما دیسانەوە خەڵکانی ناوچەن و حاشا لە هەڵمەتێکی بە پەلەی بەرپرسانی حکوومەتی یان دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ ئەم مەبەستە. لە حاڵێکدا کارەساتی ژینگە خەریکە ئێکۆسیستمی زۆربەی ناوچەکانی ئێران لەنێو دەبات، کاربەدەستانی ڕێژیم کەمتەرخەم لە هەموو شتێك سەرمایەکانی ئەو وڵاتەیان بۆ شەڕ لە سووریە دژی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەم وڵاتە تەرخان دەکەن یان دەیرژێننە گیرفانی ڕێبەرانی حیزبوڵڵای لوبنان و لە قەیراناویترین ڕەوشی ئابووریی ئێراندا، دەیان میلیارد تمەن بۆ تاقیکاری مووشەکی خەرج دەکەن بەڵکوو یاری وەفاداری ئەوان (بەشار ئەسەد) دیسانەوە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. گۆلی ورمێ خەریکە لە نێو شەپۆلەکانی خۆیدا دەخنکێ، خەڵکی بەلووچستان و ئیلام لە بێئاویدا لێویان قەڵشاوە، دارستانەکانی کوردستان و زاگرۆس کە زیاتر لە ٦٠ جۆر گیانلەبەر لە خۆ دەگرێت دەسووتێنرێت تاکوو ڕێگە لە هەناسەکێشانی بگیرێت؛ ئەمە ئەو تابلۆ قێزەونەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ژینگەی ئێران و کوردستان سازی کردووە!

# بێزاری و دوورکەوتنەوەی خەڵک لە دەسەڵات، سەقامگیریی سیاسی ئێرانی بەرەو لێکترازان بردووە!

**محەممەد سلێمانی**

ناڕەزایەتی خەڵك بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی هەتا دێت زیاتر پەرەدەگرێ و گوشاری نێونەتەوەیی و نێوخۆیی و گرانی و بەرزتربوونەوەی ڕێژەی بێکاری و دارمانی ئابووریی وڵات بەسەریەکدا و نەبوونی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، مەترسی بەرفراوانی لەسەر سەقامگیری سیاسی تاران دروست کردووە. کاربەدەستانی ڕێژیم بە فەرمی و لە پەناوپەسیواندا هێرش دەکەنە سەر یەك و بەو جۆرەش دەردەکەوێت کە ناکۆکییەکانی نێوخۆی حکوومەت بە لووتکەی بارگرژی لە نێو دەوڵەت و حوکمڕانی لە ئێراندا گەیشتووە. لەو ماوەیەدا جێگری یەکەمی سەرکۆماری ڕێژیم بە جۆرێك باسی کێشەکان دەکات و ڕەخنە لەسەر شێوەی ئەدایی حکوومەت دەگرێ و بەو قسانەش پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە ڕێژیمی ئێران لە نێوگرکانی ململانێ و قەیراندا دەکولێت و بە هۆی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و بەهەدەردانی سامانی گشتیی نەتەوایەتی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە لایەن کاربەدەستانی ناوەندییەوە و ڕفتارکردن بەپێچەوانەی بەرژەوەندییە گشتییەکان، زیانی گەورەی بە کەرتی دارایی و بازرگانی وڵات گەیاندووە.

ئێحسان جەهانگیری جێگری سەرکۆماری ڕێژیمی ئاخوندی بە فەرمی دانی بە سیاسەتی هەڵەی کابینەی ڕووحانی داناوە و ڕایگەیاندووە: «دەوڵەت هۆکاری سەرەکی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێرانە».

جەهانگیری ئاماژەی بەوە کردووە کە ئابووریی ئێران تووشی دارمانێکی گەورە بووە و لە ئێستاشدا بە گوێرەی قسەکانی کاربەدەستە سیاسییەکانی حکوومەت ناتوانن خۆیان لەو بارودۆخە ڕزگار بکەن و کارێك بکەن کە بەسوودی گەلانی وڵات بێت.

جەهانگیری لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت: «ناتوانین بڵێین هۆکاری گەورەی قەیرانی دارایی بە تەنیا گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بووە، بەڵکوو سیاسەتە هەڵەکانی کابینەی حەسەن ڕووحانی بە سەببکاری ئەو کێشە گەورە ئابوورییەی وڵاتەکەیان ناو بردووە.

ئەو قسانەی جێگری یەکەمی سەرکۆماری وەك باس و دیالۆگی نێو خەڵکی سەر شەقامەکانی تاران لێکدانەوە بۆ دەکرێ؛ کەسێك کە خۆی لە ناوەندی بڕیاردانی سیاسی وڵاتدا کار بکا و دەستنیشانی هەڵەی حکوومەتی وڵاتەکەی بکات، ئەی چۆن هەوڵی باشکردنی لە شوێنی خۆی نەداوە و هەنگاوێکی خێرخوازانەیان هەڵ نەگرتووە؟ دیارە ئەرکی سەرشانی زۆربەی سیاسییەکانی ئێران ئەوەیە کە تەنیا کەس و لایەنێك لە حکوومەت بە هۆکاری فەشەلی سیاسی وڵات بناسێنن و خۆیان لە قەرەی کاکڵی مەسەلە بنەڕەتی و ئەساسییەکان بدزنەوە. لەو ڕێگایەوە هەم دڵی ڕێبەر لە خۆیان ڕازی دەکەن و ئامانجی بنەڕەتی ئەو قسانەیان بەلاڕێدابردنی سەرنجی خەڵکە لە سەر فەسادی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی وڵات. پێکهاتەی ڕێژیمی ئاخوندی وەك دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و شڵەژاوی سیاسی بە هۆی ڕوانینی پێچەوانە سەبارەت بە داهاتووی هاوکێشەکان، ئێرانی لە گەڵ قەیران و ناکۆکی گەورە بەرەوڕوو کردۆتەوە.

هەر وەك پێشبینی دەکرێت حکوومەتی تاران دەست لە کردارە تیرۆریستی و ڕفتارە سیاسییە دوژمنکارانەکانی دەرحەق بە گەلانی وڵات و گێتی و دراوسێ ناوچەییەکان هەڵناگرێ و بەردەوام دەبێت لە سەر کردارەکانی.

جەهانگیری لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی ڕوونی، ئەگەر بەدڵەوەیش نەبێت، بە هێندێک لە ڕاستییەکان کردووە و دەریدەخات کە لانیکەم هەست بە بێزاری و دوورکەوتنەوەی خەڵك لە دەسەڵات دەکەن. کێشەی گەورەی دەوڵەت ئەوەیە سەرمایە و سامانی نیشتیمانی لە بەر دەستی کەسانێك داناوە کە جگە لە بە هەدەردانی داهاتی شوێنی زۆر خراپی لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی گەلانی ئێران داناوە.

بە دڵنیاییەوە جگە لە قسەیەکی پووچ و بێکردار، ئەو لێدوانەی جەهانگیر ئاکامی نابێت و لە نێو دەوڵەتدا کەس ئەو سەرنج و بیروڕایەی بە هێند وەرناگرێت و وەك چیرۆکێکی بێنێوەڕۆك لێك دەدرێتەوە. پاشان ئێحسان جەهانگیری یەکێکە لەو کاربەدەستانەی تاران کە پاشخانێکی گەندەڵی زۆری هەیە و چۆن دەکرێت ئەو نەسێحەتی خەڵك و دەسەڵات بکات! خۆی یەکێك لەو بڕیاربەدەستە سیاسییانەی ئێرانە کە لە گەندەڵییەوە قووڵدا بە دەوری بازنەیەکی فەشەلی سیاسیدا خول دەخواتەوە. حکوومەتی تاران بەهۆی بەڕێوەبردنی سیاسەتی هەڵە و شەڕانگێزیان کۆمەڵگای فرەڕەنگی ئێرانی بە تەواوی دووچاری شڵەژانێك لە قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوتۆ کردۆتەوە کە ڕێژیمی ئاخوندی زۆر بەدژواری دەتوانێ هەونگاوی خۆڕزگارکردنی لە بەرژەوەندی و بەسوودی هەموولایەك هەڵبگرێ و بە سیاسەت و ڕفتارەکانیاندا بچێتەوە و لەو ڕێگایەوە بە قازانجی خەڵك هەوڵێک بدات.

سیاسەتی هەڵە و خوێندنەوەی پێچەوانەی بڕیاربەدەستە پلەباڵاکانی حکوومەتی ناوەندی لە پەیوەندی لەگەڵ هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەییدا بۆیان پێشهاتووە.

هەر مرۆڤێک ئەگەر تۆزێك شارەزایی لە ئەلفوبێی سیاسەت هەبێت زۆر بە چاکی لە پەیام و نێوەڕۆکی لێدوانی بەرپرسانی سیاسی و نیزامی تێدەگات کە تەنیا بۆ تەفرەدان و بەلاڕێدابردنی یەکگرتوویی خەڵك گلەیی لە دەسەڵات دەکەن. ئەگەر وانییە ئەی چۆنە لە نێو کابینەکەیاندا بە نیەتی خێر و لە پێناوی چاکەی خەڵکدا

**جەوهەری هاوکێشەکانی تایبەت بە بارودۆخی حوکمڕانی ڕێژیمی تاران لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، بە جۆرێک دەرکەوتووە کە ئێران لە ڕووی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی لە گێژاوی قووڵدا بە دەوری بازنەیەکی فەشەلی سیاسیدا خول دەخواتەوە**

گشتی، بەرنامەیەکیان نەبووە کە خەڵك لە بێهیوایی و نائومێدی سەبارەت بە ژیان و گوزەرانی خۆیان لە سێبەری ڕێژیمدا کەمتر بکاتەوە.

قەیرانەکان یەك بەدوای یەک لەسەر



یەك هەڵدەچنرێن و حکوومەتیش وەك دەسەڵاتێکی جێبەجێکار ئەرکی تەماشاکردن بەڕێوە دەبات و هێزی چارەسەرکردنی کۆی گرفتە سیاسی و ئابوورییەکانی لە ئێستادا لەدەست داوە. پاش تەمەنێك لە بەهەدەردانی سامانی گشتیی گەلانی وڵات، کاربەدەستانی ڕێژیم تازە بەو ئاکامە گەیشتوون کە پێویستە سەرمایەی دەوڵەت لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی کەسانی دەست پاك و شارەزادا بێ و ئەو بەرپرسیارەتییەیان پێبدرێت کە لە بەرژەوەندی گشتیدا سوود لە داهاتی وڵات وەربگیرێت و گیرفانی بڕیار بەدەستە سیاسییە باڵاکانی وڵاتی چیتر پێ پڕنەکرێت. زیاتر لە ١٦٪ی داهاتی گشتیی نەتەوایەتی ئێران دەبەخشرێتە گروپە شیعە توندئاژۆکانی سەر بە ئێران کە لە سووریە و عێراق و لوبنان و چەند وڵاتێکیتردا چالاکی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

ژێرخانی ئابووری بەتەواوی بەسەر یەکدا ڕماوە و نالەباری هەلومەرجی دارایی گلاوە و ڕێژەیەکی زۆر لە سەرمایەی وڵات دەچێتە حیسابی ئەو کەسانەی کە لە حکوومەتدا پێگە و دەسەڵاتیان هەیە. بەپێچەوانەی قسەکانی جێگری یەکەمی سەرکۆمار، لە ڕێژیمی ئاخوندیدا شتێك بەناوی دەرفەت بە کەسانی بلیمەت و شارەزای سیاسی و ئابووری بێ لایەن لە وڵات بدرێ، لە ڕووی کردارییەوە بێگوومان کاری پێناکرێت. مەرجی بنەڕەتی بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێکی سیاسی و سەربازی لە ڕێژیمی ئاخوندیدا، لانیکەم کەسی پێشنیارکراو دەبێت باوەڕی تەواوی بە بنەما و ساختاری سیاسی نیزامی ئاخوندی هەبێ و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفەی ڕێژیمدا مەسەلەکان سەیر بکا و بەوپەڕی باوەڕمەندییەوە لە خزمەت حکوومەتی تاراندا بێ. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە بەرپرسانی ڕێژیم بە گشتی دەبێت جێگای ڕەزامەندی و باوەڕپێکراوی «عەلی خامنەیی» بن.

جەوهەری هاوکێشەکانی تایبەت بە بارودۆخی حوکمڕانی ڕێژیمی تاران لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، بە جۆرێك دەرکەوتووە کە ئێران لە ڕووی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی لە گێژاوی

کاتێك کاربەدەستانی ڕێژیم لە سەر قەیرانەکان باسەکان دەخەنەڕوو، زیاتر لە چوارچێوەی قەیرانی ئابووریدا گەڵاڵە کراون و باسێك سەبارەت بە ئازادی سیاسی و فرەڕەهەندی و بیرکردنەوەی جیاواز و مافخوازی نەتەوایەتی لە ئێراندا نە لە نزیك و نە لە دوور ئاماژەیەکی پێنەدراوە. سەرچاوەی ئەساسی قەیرانە سیاسییەکانی ئێران، بێگومان زۆرتری لە بەر هۆکاری پێشێلکردنی مافی سیاسی و نەتەوایەتی گەلانی ئێران بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای بەلاڕێدابرنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن حکوومەتی ئاخوندییەوە، بەو ئاکامە گەیشتووە کە پێکهاتەی ڕێژیم بە جۆرێك دیزاین کراوە کە جگە لە ڕوانینی هەڵە و سەرلێشێواوی سیاسی و ئیداری، ناتوانێ هەوڵێك لە خزمەت گەشەپێدان بە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگای وڵاتدا بدات و مافی سیاسی و نەتەوایەتی گەلانی ئێران دابین بکات. حیزبی دێموکرات سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی ئاسۆی ڕوانینی بە جۆرێك بووە کە دەسەڵاتی تاران لە درێژماوەدا ناتوانێت لەگەڵ کۆی ئەو قەیران و ئاڵۆزییانەدا بژی کە بە هۆی کارێکیان نەکردووە کە شەقامی وڵات پشتیوانی لە هەڵوێستەکانیان بکات و هەر نەبێت ڕێژەی لە سێدارەکانی لاوانی ئازادیخوازی کورد و گەلانی تری وڵات کەمتر بکەنەوە!

پێکهاتەی ڕێژیمی ئاخوندی بە هەموو جوومگە سەرەکییەکانیەوە لەو دۆخەی کە بۆ گەلانی بندەستی وڵات پێکیان هێناوە، بەرپرسیارن و کەسیان لەوەی تریان باشتر نییە. پێکهاتە ڕێژیمی ئاخوندی بە جۆرێك ڕێك خراوە کە جگە لە وەلی فەقیە هیچ جۆرە ناوەند و دەزگایەکی تری حکوومەت بۆی نییە بڕیار لە سەر مەسەلە ئەساسی و گرینگەکانی وڵات بدات.

لە وڵاتێکی وەك ئێراندا پارلمان و حکوومەت ڕۆڵی پاشکۆیەتی سیاسی ڕێبەریان وەك ئەرکێك خراوەتە سەرشان، کەوابوو لە وڵاتێکی ئەوتۆدا پێوەرە سیاسی و ئەخلاقییەکان لە سەر بنەمای ڕوانینی جیابیری و دێموکراسی سیاسی مانایەکیان نییە.

بەپێی دەستووری ئێران کە لە سەردەمی خومەینیدا پەسەندکراوە، بە جۆرێك ئامادە و ڕێک خراوە کە مادده و بڕگەکانی دەسەڵاتی ڕەها و بەربڵاویان بە ڕێبەری ئیسلامی داوە و ناوەندەکانی تری حوکمڕانی وەك نیهادی حکوومەتی دەسەڵات و سەڵاحییەتی ئەوتۆیان نییە. وەختێك بابەتێکی هەستیار بۆ وڵات بێتە بەرەوە، جا ئەو مەسەلەیە شەڕ یان ئاشتی و چارەسەرکردنی گرژی و ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتێکی دیاریکراوبێت، دواجار بڕیاری کۆتایی لەلای «عەلی خامنەیی»یە.

زۆر جار بە شێوەی فەرمی هێندێك لە بەرپرسانی ڕێژیم بە ڕاشکاوی پەردە لەسەر هەوڵە شکەستخواردووەکانی کابینەی حەسەن ڕووحانی لادەدەن و لەسەر ئەوە کۆکن کە حکوومەت دەسەڵاتی چارەسەرکردنی کۆی قەیران و کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتی نییە و ئەو دەرەتان و هێزەی نەماوە. وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی ئێران لە ماوەی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕێژیمی ئاخوندیدا، بێگومان بۆتە هەوێنی یەکگرتوویی سیاسی و دوورکەوتنەوەی خەڵك لە حکوومەتی ناوەندی کە ئەو گۆڕانکارییەش بە نۆبەی خۆی کاریگەری لە سەر داهاتووی ڕووداوەکانی وڵات دەبێت.

**وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی ئێران لە ماوەی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕێژیمی ئاخوندیدا، بێگومان بۆتە هەوێنی یەکگرتوویی سیاسی و دوورکەوتنەوەی خەڵک لە حکوومەتی ناوەندی کە ئەو گۆڕانکارییەش بە نۆبەی خۆی کاریگەری لە سەر داهاتووی ڕووداوەکانی وڵات دەبێت**

خواستی گەلانی وڵات بەگشتی و بە ڕوونی ئەوەیە کە ئازادی و حکوومەتێکی نیشتیمانی و دێموکراتیکیان دەوێت کە لەو حکوومەتەدا مافی سیاسی و نەتەوایەتی هەموو لایەك تێیدا ڕەنگ بداتەوە. ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئاخوندیدا بەتەواوی بنەبڕبوونە و کارو تێکۆشانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان کەوتۆتە ژێر گوشار و کۆنترۆڵی هێزە سەرکووتکەرەکان.

ئێران جگە لە کەڵاوەکێشیکردن لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل کە بە دوو نەیاری سەرسەختی مێژووی خۆیانی زانیون، ئێستا لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی ڕۆژئاواییش پەیوەندییەکانی تێکداوە و دیپلۆماسیەتی سیاسی ڕێژیم بەتەواوی بەرەو لاوازی چووە.

ئەو وڵاتانەش کە خۆیان بە هاوبەش و هاوپەیمانی تاران لە قەڵەم دەدا، بە هەموو شێوەیەك پێناچێت پشتیوانی لە سیاسەتی حکوومەتی ئاخوندی بکەن و کاتێك پەیوەندییەکانی تاران بەرەو هەستیاری هەڵدەکشێت، دۆستە نزیکەکانیان لەوێدا زیاتر ڕەچاوی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری وڵاتەکەیان لەبەرچاو دەگرن.

حکوومەتی ئاخوندی بە قۆناخێکی دژوار و مەترسیداردا تێپەڕ دەبێت و لە ماوەی حوکمڕانیدا بە ڕادەی ئەمڕۆ گوشاری نێونەتەوەیی لەسەر نەبووە و ئیسرائیل زۆر بە هێمنی دەوری ئێران و بەرژەوەندییەکانی داوە و فشاری زۆری لە سەر دروستکردووە، لە سووریە و عێراق و لوبنان، ڕۆژانە پێگە سەربازی و مووشەکییەکانی بە ئامانج دەگرێت.

بەرهەمی سیاسەتی هەڵەی تاران هەر بە قەیرانی دارایی و دارمانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی کۆتایی پێنەهاتووە، بەڵکوو بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی گەورەتریش لە سەر ئاستی ناوچەییدا و ئەو ڕووداوانەی بەو دواییانە لە گەرووی هۆرمۆزدا ڕوویان داوە، بە دڵنیاییەوە زیانی گەورە بە پێگە و هێژمۆنی حکوومەتی ئاخوندی دەگەیەنێت.

بەگشتی ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان تا ڕادەیەکی باش بە سوودی ئیسرائیل تەواو بووە و ئەو وڵاتە لە هەوڵدایە بە ڕێگای هاوپەیمانی دەریایی و بە خشکەوە هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی ڕەوانەی سەر سنوورە ئاوییەکانی تاران بکات و گەرووی هۆرمۆزیان لێبگرێت بۆ ئەوەی مەترسی لە سەر بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەکانی تاران دروست بکات.

# ڕاسان به تامی گەلاوێژ

تینی گەرمای زەختی هاوین، هەموو هەرێمی زاگرۆسی گرتبۆوە، هەوای تەمومژاوی و خۆڵەمێشی دەستی نابووە بینەقاقە و ڕێگای پشووی ڕێک دەکوشی! تینی بە تاوی هەتاوپڕووکێن سینگی قەڵغانی ڕێبوارانی بەرەو لوتکەی هەڵقرچاندووە، بڕست لە هەنگاوی قورسی شۆڕشگێڕانەیانی کز کردووە، دەرەتان نابینرێ. لە ملەی ململانێی ڕەوا و ناڕەوایا مل دەنێ ڕووەو ئاسۆ. هەڵوەدای گەیشتن، سەوداسەری پێگەیشتن بە ئازادی، بە خەنییان وەکوو ئەوان لەگەڵ ئەوان، هاودڵ، هاوبەش، هاوهەنگاو. نە کەم، نە زیاد!! پێوە ڕەوا نابینن چەقەڵ و ڕێویی و کەمتیار، بۆی بە ڕەوا نازانن بەڵەرۆمی و پاپەتی و مردووپەرست. ناهەندرێ، بۆم لا، بۆو لا، ئارام ناگرێ کە ئارامیان لێ بڕیوە. سەری لەگەڵ سەران لە سەر سەران سەردارانی سەریان نەدا لە سەرداری سێدارەوە بە سەربەرزی پێ لە سەران ئۆقرەی لە دوژمن بڕیوە. هنرگ نادا، بۆم لا، بۆو لا، دەرەتانییان لێبڕیوە. کەشی دەرو و ژووریان ژاراوییە لەویش ژاراوییە، تاریکستان، نووتەلەچاو، چاویان بە ڕووناهی چاوی لە چاولەی ڕووناهییا خوازیاری ڕووناهییە بۆ هەڵنایە. ئەوەی ڕووناهی پێیداوە شەوپەرستان چاویان بە ئەوەش هەر هەڵنایە، دریغن لێی، لێی دریغن. وان زاڵمان. ناهەندرێ، بەم لا، بۆو لا، ڕێگای سەختی زۆر بڕیوە. شیو و دۆڵ و دەر و هەڵەمووتی تەزاندووە، نەیارانی لە چوار دەوری دەوریان داوە. چوار قۆزاخە دڕیان بڕیان کردیان بە گۆشتی قوربانی، پشک پشکێن کە هەر پشکێ لە پشکی تر هەڵاواردرا پشکێک پشکی خۆی بۆ نەماوە، لە سەر پشکێ کە هیچ پشکی بە ئەو پشکە هەر نەداوە! پشکان لەم پشک پشکێنە لێکتر نامۆ بە تێلبەندان بە سنووری دەسکردی خودای شەڕ. هنرگ نادا، ئارام ناگرێ، لە ئارارات، لە ئاگری، لە دیاربەکر و لە دەرسیم و لە سۆران و سولەیمانییە و لە بارزانا خۆڕادەنی، سەردادەنێ لەگەڵ شێخ و سەید و خانا. سمکۆ کە گەرای دا شۆڕشەکەی، شاندی گەرای کوردایەتی لە قوژبنی دڵی گەشت کوردێکا. لە مەهاباد لە هەرێمی قازییەکانا پاش شکانی کەشی تەشقی ئاسمان، تەشقی شکا بە گەلاوێژ ئاسمانی شین. هاتە کایە وەرزێکی نوێ لە شۆڕش و خوێن و خەبات. ئەنگووت گەلاوێژی گەشاوە و مۆژدەبەخشی فێنکی دڵان. هیوا بۆ کەشێکی دلگەش بڕەو پەیدا دەکا. کەشێکی ڕوون، سازگار و چواربەند قایم، سەردەمیانە کە تا وێستا ئەم ئاسۆگە بە خۆیەوە نەیبینیوە لە داک دەبێ. لە دایک بوو بزاڤێکی دێموکرات و ئاشتیخواز و دۆستی گەلان. ( کوردە گیان ئەمڕۆ چاو دڵت ڕوون / لاوانی وڵات پاک ئامادە بوون ) تاقانە و ناوازە و نۆبەرەیە، لە کردار و لە ڕەفتار و لە گوتارا، لە دروشم و ستراتێژی و پێناسەدا، زۆر خۆمانە، زۆر کوردانە، لە شوناسا، ڕانکو و چۆغە، پۆزەوانە و کەڵاشەکەی هەورامان و دەسرە و جامانە و سۆرانی، ورە و غیرەتی باوانی. ڕێباز هەر ڕێبازی سەردارانی، لە ڕا و ڕەوتا سەردەمیانە و هەڵپێچراوی هزری سەدەی سەدەم، هەر دەم نۆژەن. پێبەپێیان لە سەر پێیە! هەردەم لە ڕەوتی پێشڕەوی کاروانی ئەم دنیایە، گۆشکراوی دەستی قازی پێشەوایە. ناهەندرێ، ئارام ناگرێ، کە ئارامیان لێ هەڵگرتووە. قۆناغ لە دووی قۆناغ ڕووە و ئاسۆ ململانێ بۆ ئازادی زیاتر دەکا. کە دەگاتە پێغەمبەری ئاشتی، پۆشتەتر و گەشاوەتر لەسەر پای خۆی خۆ دەنوێنێ. دەردەکەوێ حەڵاڵزادە لەسەر بنج و بناوانی باوانی خۆی. ناچاری دەبێ لە گا زەردی هەڵدەچەرخێت و عەبای نوێنەری خوا! دابڕێ! هەڵدەکێشێتە خەنجەرێ کە گوێ نادرێ بە داوای و نادرێ مافی ڕەوای. سوور دەبێت لە سەر داوا و شین دەبێ لە سەر هەوای دەم و کاوێژی پاراوی، شین شین لە ئاشتی و بە هەڤرا ژیان، ڕاناژێنێ با بەژنی گیای ئەم دەڤەرە! ناهەندرێ، ئارام ناگرێ، کە ئارامیان لێ ئەستاندووە ئەمڕۆش پاش سێ چارەگە سەدە، لە ساڵڕۆژی ئەم لە دایک بوونەدا، کە سەردەمی ڕابوون و ڕاسانە، بە شکۆی شۆڕشێکی کەڵەگەت کە تانوپۆی تاک بە تاکی ئەو هەرێمەی گرتۆتەوە، لە ڕاسانێکی پڕڕەهەند، ڕاسانی شاخ و شار، خۆ ڕادەنێ، شۆڕشێکی بەرپا کردووە گۆڤەندئاسا کە هەموو ڕاسان و ڕاسانیان و ڕاساوان لە شاخ و شار هەموو بەشمەینەتان و بەشخوراوانی کوردستان، لە ناوخۆ و لە گشت جیهان. دەستیان داوەتە یەک بە هاوبەندی نەتەوەکانی کام نەدیوی ئەو دیو زاگرۆس، پەیمانە، ئەهریمەن و شەوپەرستان ڕاتەوڵێنن بەرەو هەڵدێر و نەمان. لە سایەی خەبات و تێکۆشان و هنرگ نەدان، نیزیکە بێتە بەر، بەرهەمی ڕەنج و شۆڕش و تێکۆشان. لە سایەی هەوڵ و خەباتی حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی، حیزبی هەموو شەهیدان.

پیرۆز بێت ئەو ساڵڕۆژە لە گشت کورد و کوردستان

**ڕاسان پیران**

## گەلاوێژ!

ئەی دارە کەڵەگەتەکەی
دوندی ئاواتی کوردستان!
لە پاش تۆ دەیان نەمام نێژران
هاتنە باڵا و پەلیان هاوێشت
بەڵام باوەشی هەموویان
نەهاتەوە بە نێوقەدتا
شانیان بە شانت نەگەیشت.
چەند جار برایتە سەر کۆتە
چەندین پەلیان لێ قرتاندی
قۆڵ و باڵت ئەنجن کرا
چەند هۆرەیان لە بۆ تاشیت
هەزاران(لەلە)ت لێدرا،
تەنانەت ئاویان لێ بڕیت،
شاڵاوەکانی تەور و داس
چەقۆ و مشار
ئاگر و تەم،
هەرگیز زەفەریان پێنەبرد.
تۆ هەر بە پێوەی،
ناکەوی
چرۆ و چووزە و گەڵا دەکەی
زۆر کەس لە بەر شنەت ڕازان
هێدی هێدی
بەژنی شینت
نیشتمانی ڕازاندەوە،
نەمامی دەستی پێشەوای
هەر دەڕۆیت و باڵا دەکەیت،
تەژنەی نیلوفەڕت شکاند
سێبەری قرچەی هاوینی
بۆن و بەرەی ئاناهیتای،
بۆ گەل هیوا و
بۆ هیواش ئەتۆ ئاهورای.
بینای دۆنادۆنی میترای.
تۆ بنەتووی دەنگی گەلی
شەختە و خەزانت زۆر دیوە
پرچ و باڵات زۆر ڕنراوە
بەڵام باڵای خۆشەویستیت
هەر دەمێنێت و هەر ماوە،
هەوڵ درا هەتاو داخەن
گەلاوێژ جوانەمەرگ کەن
دەنگی کپ و
باڵای سەرکوێر و ون کەن،
دەرگای هێزی قوڵف بدەن،
زوقم و سیخوڕیان تێبەردای
ماندوو کرای
کۆڵت نەدا
تۆ بە ڕەشەباش، نەلەقای
هەر مای
هەر مای
و
مای،
ڕۆڵەی ئازای ڕۆژ تەنگانەت
پاڵەوانانی سەنگەرت،
دڵ ناحەزیان پڕ کرد لە داخ
کوڵەکوێرە پێیانی گەست
بەڵام لە پێیانی نەخست
هەر مانەوە ئاڵا بە دەست
هەر مان و
مان و
مان و
مان،
باڵای مێژوویەکی پاکی
وەک چاوی قرژاڵ ڕووناکی
ڕەگی هەتا سەر گاڕەش چووت
ڕۆژانی لەخوێنتلانت
فرمێسک و ڕوومەتڕنانت
زۆرن
بەڵام سڵمان نەکرد،
نەمانهێشت ئاگر و کوانووت
بکوژێتەوە،
تۆش،
هەر بەرز دەبی و
هەر ڕۆ دەچیت
نەوە لەدوای نەوە
دێنە سێبەرت
دەڕوێین و دەبووژێینەوە
سەربەستیمان بوە بە مەبەست
چین بە چین
خەڵفت دەردێت
چڵی وشکەڵێشت بڕوا
لە بەژنی تۆ دیاری نادا
کوردستانت گرتوەتەوە
ناوت دەڕوا و هەدا نادا.
مەهابادمان بووە بە ڕووگە
گەلاوێژمان بووە بە ئەلەست.

**عەدنان قادری**

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:756 • 22 August 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ٢٥ی گەلاوێژ مەکتەبی شۆڕش






















